مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

# تأثير الثورة الجديدة على منطقة بالكايتي (١٩٧٦-١٩٧٧)

لقمان برايم احمد
luqmanbraimahmad@uor.edu.krd
د. ئاراس عبدالرحمن مصطفى
قسم التاريخ، كلية العلوم الإنسانية، جامعة راپەرین
Aras.abdulrahman@uor.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: نشاط، بالكايتي، وادي باليان، مفرزة، بيشمرگه

**كيفية اقتباس البحث**

احمد , لقمان برايم , ئاراس عبدالرحمن مصطفى , تأثير الثورة الجديدة على منطقة بالكايتي (١٩٧٦-١٩٧٧),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:١٠ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

Registered مسجلة في
ROAD

Indexed مفهرسة في
IASJ

# تأثير الثورة الجديدة على منطقة بالكايتي (١٩٧٦-١٩٧٧)

**Impact of the New Revolution on the Balakayati District (1976-1977)**

**Luqman Brahim Ahmad**
**luqmanbraimahmad@uor.edu.krd**
**Aras Abdulrahman Mustafa**
**Department of History, Faculty of Humanities, Raperin University**
**Aras.abdulrahman@uor.edu.krd**

**Keywords** : activity, Balakayati, balayan valley, detachment, peshmarga

**How To Cite This Article**
Ahmad , Luqman Brahim , Aras Abdulrahman Mustafa , Impact of the New Revolution on the Balakayati District (1976-1977) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**
This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**ملخص البحث**
بعد انهيار ثورة أيلول، مرّت منطقة بالكايتي بوضع بالغ الحساسية، إذ كانت سابقًا مقرًا للقيادة الثورية. ونتيجةً لذلك، تصاعدت العداوة بين القوات العراقية وسكان المنطقة. ومباشرةً بعد انهيار الثورة، عادت القوات الحكومية إلى المنطقة، وحُوّلت قمم الجبال والتلال إلى ملاجئ عسكرية. كما أُقيمت نقاط تفتيش على معظم الطرق والجسور لمراقبة السكان المحليين.
عندما أعلنت الأحزاب السياسية في جنوب كردستان ثورةً مسلحةً جديدةً، ووصلت أنشطتها إلى بالكايتي، ازدادت عنفًا أجهزة الأمن والقوات العسكرية تجاه السكان. كان لهذا أثر سلبي على الرأي العام، ما أدى إلى احتجاجات ضد سلطات حزب البعث. ومع مرور الوقت، شُكّلت كتائب مسلحة في المنطقة، وبدأت بتنفيذ عمليات عسكرية ضد القوات العراقية.
دفعني هذا المقال إلى البدء في كتابة دراسة بحثية تتألف من محورين رئيسيين. يتناول المحور الأول التأسيس المبكر للأحزاب السياسية في كردستان وتأثيرها على منطقة بالاكايتي. في المناقشة الأولى، أُسلّط الضوء على ظهور الوحدات الأساسية في بالاكايتي والعمليات العسكرية التي نفذتها بعد النصف الأول من عام ١٩٧٦. وفي المناقشة الثانية، أتناول الوضع في عام ١٩٧٧، الذي شهدت فيه المنطقة عددًا من الأحداث والأنشطة العسكرية.
عند إعداد أي بحث، يتعين على الباحث الاستعانة بأحد مناهج البحث العلمي. وقد اعتمدتُ في هذا البحث على منهج السرد التاريخي وتحليل الأحداث، إلى جانب المنهج المقارن.
يتألف هذا البحث من فصلين؛ حيث نتناول في الفصل الأول نشأة الأحزاب السياسية عقب انهيار "ثورة سبتمبر" وتأثيرها على منطقة "بالكايتي" في عام 1977، تلي ذلك استنتاجات البحث، ثم نختتمه بقائمة المصادر والمراجع.

**Abstract**

After the collapse of the Aylul revolution, the Balakayety region went through a very sensitive situation, as it had previously served as the headquarters of the revolutionary leadership. Therefore, Iraqi forces developed strong hostility toward the people of the area. Immediately after the collapse of the revolution, government forces returned to the region. The tops of the mountains and hills were turned into military shelters. In addition, checkpoints were established on most roads and bridges to monitor the local population.

When political parties in Southern Kurdistan declared a new armed revolution and its activities reached Balakayety, the behavior of state security agencies and military forces became even more violent toward the people. This had a negative impact on public attitudes and beliefs, leading to protests against the Ba'ath authorities. Over time, armed detachments were formed in the area and began carrying out military activities against Iraqi forces.

This article prompted me to begin writing a research study consisting of two main discussions. The introduction is devoted to the early establishment of political parties in Kurdistan and their impact on the Balakayaty region. In the first discussion, I highlight the emergence of primary units in Balakayaty and the military actions they carried out after the first half of 1976. In the second discussion, I examine the situation in 1977, during which the region experienced a number of military events and activities.

In writing any research, the researcher must use one of the research methods. I used the method of historical narrative and analysis of events with the use of comparative method.

This research consists of two chapters. In the first chapter we discussed the emergence of political parties after the collapse of the September Revolution and their impact on the Balakaity region 1977, then we come to the conclusions of the research, then we end the research with a list of sources.

کاریگەری سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ لەسەر دەڤەری باڵەکایەتی(١٩٧٦-١٩٧٧)

لقمان برايم ئەحمەد
د. ئاراس عبدالرحمن مصطفى
بەشی مێژوو-کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان-زانکۆی ڕاپەڕین
luqmanbraimahmad@uor.edu.krd
Aras.abdulrahman@uor.edu.krd

**پوختە**

دەڤەری باڵەکایەتی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بە بارودۆخێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕی، لەبەر ئەوەی ناوچەکە پێشتر مەڵبەندی سەرکردایەتی شۆڕش بوو، بۆیە هێزەکانی عیراق ڕقێکی زۆریان لە بەرانبەر خەڵکی ناوچەکە لەلا دروست ببوو، ڕاستەوخۆ دوای نسکۆی شۆڕش، هێزەکانی حکومەت گەڕانەوە ناوچەکە، دواتر هەموو لوتکەشاخ و گرد و تەپۆڵکە کرابوونە ڕەبایە، ئەمە جگە لەوەی لەسەر زۆربەی ڕێگا و پردەکان

بازگە دانرابوون بەمەبەستی چاودێریکردنی خەڵکی ناوچەکە، کاتێکیش پارتەکانی باشووری کوردستان شۆڕشی چەکدارییان ڕاگەیاند و پانتایی شۆڕش گەییشتە باڵەکایەتی ئەوەندەی تر هەڵس وکەوتی دەزگا ئەمنیەکان و هێزە سەربازیەکانی دەوڵەت بەرانبەر بە خەڵک توندوتیژتر بوو، ئەمەش لێکەوتەی خراپی لەسەر هزر و بیر و باوەڕی خەڵکی دروست کرد، بەشێوەیەک نارەزایەتی لە دژی دەسەڵاتدارانی بەعس دەستی پێکرد، تاوەکو مەفرەزەی چەکداری لەناوچەکە دروست بوون و دەستیان کرد بەچالاکی سەربازی لەدژی هێزەکانی عیراق لەناوچکە.

ئەو بابەتە منی هاندا بۆ ئەوەی دەست بکەم بە نووسینی توێژینەوەیەک کە لە دەروازەیەک و دوو باس پێکهاتووە، دەروازەی بابەت تەرخان کردووە بۆ سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵێک پارتی سیاسی لەکوردستان و کاریگەرییان لەسەر دەڤەی باڵەکایەتی، دواتر لەباسی یەکەمدا تیشک خراوەتە سەر سەرەتای سەرهەڵدانی مەفرەزە سەرەتاییەکان لەدەڤەری باڵەکایەتی و ئەوکردە سەربازیانەی ئەنجامیان داوە لە ساڵی ١٩٧٦، لەباسی دووەمدا هاتوومەتە سەر بارودۆخی ساڵی ١٩٧٧ کە تیایدا دەڤەری باڵەکایەتی بەکۆمەڵێک ڕوداو و چالاکی سەربازیدا تێپەڕیوە، دواتر بەدەرەنجام و لیستی سەرچاوە کۆتاییم بە توێژینەوەکە هێناوە.

**كليله وشه: مەفرەزە، پێشمەرگە، دەڤەری باڵەکایەتی، چالاکی، دۆڵی باڵەییان.**

## پێشەکی

شۆڕشێ نوێ بەیەکێک لە شۆڕشە گرنگەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دادەنرێت لەباشووری کوردستان کە سەرجەم پارتەکانی باشووری کوردستان تیایدا بەشدار بوون و توانییان لەساڵی ١٩٩١ داگیرکردنی کوێت لەلایەن سوپای عیراق بکەنە دەرفەت بۆ ئەوەی لەدژی دام و دەزگاکانی حکومەتی بەعس ڕاپەڕن و بەپشتیوانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، خاکی کوردستان لەژێر دەسەلاتی سوپای عیراق ئازاد بکەن، خەڵکی باڵەکایەتیش کە پێکهاتەیەکی گرنگی ئەو شۆڕشە بوون، توانییان ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر لە ڕوداوەکانی ناوچەکە ببین و بوونی خۆیان بسەلمێنن.

## گرنگی توێژینەوە

گرنگی توێژینەوە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە تاوەکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەک لەسەر ئەو بابەتە نەکراوە، لەکاتێکدا باڵەکایەتی بوونەتە هەوێنی سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشە نوێیە، نەک هەر ئەمە، بەڵکو دەڤەری باڵەکایەتی ڕووبەڕووی ڕاگواستن بۆتەوە و بەچەندین قۆناغ ڕواگواستراون بۆ ئۆردوگاکانی دەورووبەری هەولێر و دهۆک، بەشێکیشیان ناردران بۆ چوارقوڕنە سنووری پارێزگای سلێمانی، هەروەها ڕاگواستن کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر لایەنی ئابوری و سیاسی و پەروەردە و خوێندن و تەندروستی دروست کرد، بۆیە گرنگ بوو ئەو بابەتە بەشێوەیەکی ئەکادیمی توێژینەوەیەکی لەسەر ئەنجام بدرێت و بچێتە ناو گۆڤارەکان.

## ئامانجی توێژینەوە

هیچ توێژینەوەیەک بێ ئامانج نابێت، منیش لە نووسینی ئەو توێژینەوەیە چەند ئامانجێکم هەبوو، گرگنگترینیان کۆکردنەوەی کۆمەڵێک زانیاری بوو لەسەر دەرکەوتنی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشێ نوێ لە دەڤەری باڵەکایەتی و ئەو چالاکیانەی لەنیوەی دووەمی ساڵی١٩٧٦ بەدواوە ئەنجامیان داون، ئامانجێکی تری توێژینەوە ئەوە بوو زانیاری لەسەر دەرەنجامەکانی سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ و شەڕەکانی ئەوکات وەربگرم و بڵاوی بکەمەوە، هاوکات ڕۆڵی هاوڵاتیانی ناوچەکە بخەمە ڕوو لە هاوکاری کردنی پیشمەرگە و چۆنیەتی بەشداریکردنیان لەشەڕەکانی ساڵانی نێوان(١٩٧٦-١٩٧٧).

## گرفتەکانی بەردەم توێژینەوە

هیچ توێژینەوەیەک بەبێ گرفت تێناپەڕێت، منیش لەو توێژینەوەیەدا تووشی کۆمەڵێک گرفت بووم بەتایبەت کات، چونکە مەودای کارکردم هەر لەحاجی ئۆمەرانەوە دەستی پێدەکرد تاوەکو هەولێر و سلێمانی، ئەمەش کاتێکی زۆری دەویست، سەرەڕای پێویستی کات، لایەنی داراییش گرفتێکی تر بوو، چونکە

هاتوچۆ خەرجی زۆری دەویست، لەوکاتەشدا قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچە لەئارادا بوو تا هەنووکەش بەردەوامە، لەگەڵ ئەوەشدا توانیم کۆتایی بە نوسینی توێژینەوەکەم بهێنم، سەرەڕای تێچووی خەرجی زۆر.

**میتۆدی توێژینەوە**

لەنوسینی هەر توێژینەوەیەکدا توێژەر پێویستە یەکێک لەمیتۆدەکانی توێژینەوە بەکار بهێنێت، منیش لە نوسینی ئەو توێژینەوەیەدا میتۆدی گێڕانەوەی مێژوویی و شیکردنەوەی ڕوداوەکانم بەکار هێناوە لەگەڵ بەکارهێنانی میتۆدی بەراوردکاری، بەو پێیەی ئەو پارتانە لەسەر کۆمەڵێک بابەت ناکۆک بوونە، بۆیە ناچار بووم لەهەندێک ڕوداو و بابەت دا میتۆدی بەراوردکاری بەکار بهێنم.

**ناوەڕۆکی توێژینەوە**

ئەو توێژینەوەیە لە دەروازە و دوو باس پێکهاتووە، لەدەروازەی بابەتدا باسی دەرکەوتنی کۆمەڵێک پارتی سیاسیمان کردووە لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و کاریگەرییان لەسەر دەڤەری باڵەکایەتی، دواتر هاتووینەتە سەر باسی یەکەم، لەو باسەدا دەرکەوتنی مەفرەزە سەرەتاییەکان و ڕۆڵیان لە هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ خواوەتە ڕوو لەگەڵ ئەو چالاکیانەی لەماوەی ساڵی ١٩٧٦ ئەنجام دراون، باسی دووەمیش تەرخان کراوە بۆ ڕوداوەکانی ساڵی ١٩٧٧، دواتر هاتووینەتە سەر دەرەنجامەکانی وتێژینەوە، پاشان بەلیستی سەرچاوەکان کۆتاییمان بە توێژینەوە هێناوە.

**سەرچاوە**

لەو توێژینەوەیەدا وێڕای ئەوەی پشتم بەکۆمەڵێک سەرچاوە و کتێب و کۆڤار و ڕۆژنامەدا بەستووە، کۆمەڵێک کەسایەتی ئەوسەردەمەشم دواندووە و سودم لێ وەرگرتوون، چونکە هاوسەردەمی ڕوداوەکان بوونە، لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەی سودم لێ بینیوون پێکهاتوون لە زنجیرەی کتێبەکانی ئازاد سەراوی، ئەو زنجیرە کتێبە کەپێکهاتووە لە هەشت بەرگ تەواوی ڕوداوەکانی دەڤەری باڵەکایەتی و کوردستانی تێدا خواوەتە ڕوو، هاوکات سودێکی زۆرم لە سەرچاوەی : مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی، سەرەتای شۆڕشی نوێی ساڵی ١٩٧٦ چۆن دەستی پێکرد؟ وەرگرتووە، لەبەر ئەوەی لەناو جەرگەی ڕوداوەکانی ئەوکات بووە، بەتایبەت مەفرەزەی حاجی ئۆمەران کە بە یەکەم مەفرەزەی شۆڕشی نوێ دادەنرێت لەدەڤەری باڵەکایەتی، گۆڤاری باڵەک یەکێکی ترە لەسەرچاوەکان تیایدا سەربەست سەرکەیی، دیمانەیەک لەگەڵ حەمەدەمین حەمەد حاجی ئۆمەرانی بابەتەکەی پڕبایەختر کردووە، لەبەر ئەوەی حاجی ئۆمەرانی لەگەڵ ئەو مەفرەزەیەدا بووە کە لەگەڵ سەید عەبدوڵلا کەوتوونەتە ناو بۆسەی هێزەکانی عیراق، لەگەڵ بەکارهێنانی سەرچاوەی نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەکەناری دانووبەوە بۆ خڕێ ناوزەنگ، لەبەر ئەوەی ڕوداوەکانی بە دروستی تێدا ڕوون کردۆتەوە، هەروەها هەواڵنامەی کوردستانی عیراق کە هاوسەردەمی ڕوداوەکان بووە زۆر بایەخی بە توێژینەوەکەداوە، لەگەڵ کۆمەڵێک سەرچاوەی تر.

**دەروازە**

دوای نسکۆی شۆڕش بارودۆخی سیاسی و ئابوری کوردستان توشی داڕوخانێکی قورس ببوو، ئەستەم بوو جارێکی تر شۆڕش لەکوردستان سەرهەڵبداتەوە، لەوکاتەشدا حکومەتی عیرق سیاسەتێکی توندی لەبەرانبەر کوردستان پیادە دەکرد و بەشێکی خەڵکەکەی دوورخستەوە بۆ باشووری عیراق(طالباني، ٢٠١٠، ٤٦٣) ، هاوکات بۆشاییەکی سیاسی گەورە لەکوردستان هاتبووە ئاراوە، ئۆرگان و ڕێکخستنەکانی پ.د.ک دوچاری هەڵوەشانەوە ببوون، گشت ناوچە ئازادکراوەکان کەوتبوونەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عیراق(محەمەد ئەمین، ٢٠٢٤، ٣٩٩)، سەرکردەکان بەشێکیان چونە ئێران، بەشێکی تریان سەری خۆیان هەڵگرت بەرەو وڵاتانی ئەوروپا، ئەوانی تر گەڕانەوە عیراق(نانەکەلی، ٢٠٢٥، ٤٤٣)، ئەوانەی لەئێران وەکو پەنابەر ژیانیان بەرێدەکرد سەرقاڵی ئامادەکاری بوون بۆ بەرگری و مقاوەمەت، لە ئەوروپا و وڵاتانی عەرەبیش پەنابەرانی کورد سەرقاڵی دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوی نوێ بوون بۆ ئەوەی لەڕووی ڕێکخراوەییەوە سەرکردایەتی ئەو شۆڕشە بکەن(چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جلال، کوردستانی نوێ، ژمارە (١٢٩٨)، ٢-٦-١٩٩٦، ١)، دوای ماوەیەک کۆمەڵێک پارت و ڕێکخراوی نوێ دروست بوون و دەستیان


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١٠

کـردەوە بەخەبـات و تێکۆشـان لەناویانـدا پ.د.ک(س،ک)، پارتی(فـاتیح،٢٠١٢، ١٠٦-١٠٨) دوای نسکۆی شۆڕش وەکو حزبی دایک(ڕەشید، ٢٠٠٧، ٣٣) لەژێر ناوی (سەرکردایەتی کاتی)(بارزانی،٢٠٢١، ٣٣، ٤٨) دەستی کردەوە بەئامادەکاری بەمەبەستی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری(ڕەسول، ٢٠٠٥، ٣٥٦)، دامەزراندنی سەرکردایەتی کاتی دەگەڕایەوە بۆ ڕۆڵی هەریەک لە مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی و بە بەشداری سامی عەبدولرەحمان(Michael,1992,33، دواتر لەژێر چاودێری توندەی حکومەتەکانی عیراق و ئێران لەسەر سنورەکان(بارزانی، ٢٠٢١، ٢٧٩)، کۆمەڵێک چەکداری ناردەوە کوردستان، دواتر ڕیزەکانیـان ڕێکخستـەوە و شـۆڕشی گوڵانیـان لەسـاڵی ١٩٧٦ بەرپـاکرد(کەریم، ١٩٩٨، ١٢١)، هاوکـات گروپێکی تر بەسەرۆکایەتی مەحمود عوسمان کۆمەڵەیەکیان پێکهێنا بەناوی لیژنەی ئامادەکردن- لجنة التحزيرية(عەبدولقادر، ٢٠١٧، ٣٥٨)، یەکێکی تر لەو ڕێکخراوانەی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول دامەزرا یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووکە لە( ٢٢-٥-١٩٧٥) لەدیمەشق لەریستۆرانتی (طليطلة) لەگەڕەکی (ابو رمانة) بەئامادەبوونی (جلال طالەبانی، فوئاد معصوم، عەبدولڕەزاق فەیلی،...... ) یەکەم کۆبوونەوەی گرێدا(چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جـلال، کوردسـتانی نـوێ، ، ژمـارە (١٢٩٨)، ٢-٦-١٩٩٦، ١)، یەکێـتی نیشـتمانی کوردسـتان(ابوبکر، ٢٠١٧، ٧) کەلەسێ بـاڵی مارکسیـ و سۆسیالسـتی و لیـبراڵی پێکهـاتبوو بەسەرکردایەتی جلال تاڵەبانی ئەرکی سەرکردایەتی بزوتنەوەی ڕاگاریخوازی کوردی گرتە ئەستۆ(حاجی، ٢٠٢٣، ٧٦ )، کەداینەمۆکەی کۆمەڵەی مارکسی. لێنینی کوردستان بوو، دواتر لەڕێگەی بەیانێکەوە بەناوی اتحاد الـوطني الكردسـتاني لماذا؟ (یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ؟) شارەکان لەدروست بـوون و هەستانەوەی شۆڕش ئاگادارکرانەوە، هەر لەو بەیانەدا جوتیاران و گوند نشینان بوونە کۆڵەکەی بەهێزی شۆڕش(تاڵەبانی، ٢٠٢٥، ٧-٩).

سەبارەت بەکاریگەرییان لەسەر دەڤەری باڵەکایەتی، یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەر لەدوای دروست بـوونی، لەباڵەکایەتی جموجوڵی سیاسی دەستی پێکردبوو، خەڵکی لەکوڕ و کۆبوونەوەکاندا باسیان لە دامەزراندنی یەکێتی و دەستپێکردنەوەی شۆڕشی چەکداری دەکرد، یەکەم کەس کەلەباڵەکایەتی درکی بەدروست بوونی یەکێتی کرد جەهەنگیری حاجی کەمال(شەریف، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن) بوو، کەلەڕێگەی شاخەوان عەباس چووە نێو ڕێکخستن و یەکەم بڵاوکراوەی بەناوی (اتحاد الوطني الكردستاني لماذا)ی گەیاندە دەڤەری باڵەکایەتی و بەناوچەکەدا بڵاو بووەوە(شەریف، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، میرۆ کادریش دوای ئاوارەبوونی بۆ ناو خاکی ئێران و مانەوەی نزیکەی دوو مانگ، داوای لێکرا نامەیەک ببات بۆ باڵەکایەتی بۆ لای شێخ عەبدوڵلای خەلان، بۆ ئەوەی ببێتە پردی پەیوەندی بۆ کۆمەڵێک کەس کەدەیان ویست خۆیان ڕادەستی حکومەتی عیراق بکەنەوە(یحیا، ٢٠٢٤، چاوپێکەوتن)، لەڕووی سەربازیشەوە ئەو پێشمەرگانەی دوای نسکۆی شۆڕش نەچووبوونە ئێران و لەناوچەکانی خۆیان مابوونەوە، شەوانە پەلاماری بنکە سەربازیەکانی سوپای عیراقیان دەدا و بەڕۆژ خۆیان دەشاردەوە(ڕۆمانۆ، ٢٠٢٠، ٤١٤)، یەکێک لەو پەلامـارانە لەشـەوی ١١-١٠-١٩٧٥ بـۆ سـەر فەرمـانگەی ئەمـن لەچۆمـان، ئەو پەلامـارە بەچـاودێری عەبدوڵلا چۆمانی لەلایەن مامەند مەمیخەلی و کەمال حاجی حوسێن ئەنجام درا، بەهۆیەوە چەند ئەمنێک کوژران(خدر، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، هاوکـات هەنـدێک کەس هەبوو کەلەشۆڕشی ئەیلول پێشمەرگە ببوون و خۆیان ڕادەستی حکومەتی عیراق کردبووەوە، نامەیان دەنووسی و فڕێیان دەدایە ناو حەوشەی ئەو ماڵانەی هاتوچۆی دەزگا ئەمنیەکانیان دەکرد و ببوونە پیاوی دەوڵەت، هەر ئەو کەسانە شەوانە لەئاوایەکان دوور دەکەوتنەوە و تەقەیان دەکرد بۆ ئەوەی خەڵکی ناوچەکە هەست بکەن شۆڕش لەدەرکەوتندایە، لەبەرانبەردا هێزەکانی عیراق کەدوای نسکۆ لەناوچەکە جێگیر بوون و بەشێکیان لەنزیک گوندەکان چادریان هەڵدابوو، هەڕەشەیان لەخەڵک دەکرد بەوەی زیاتریان پێدەکرێت لەوە کە پیشوتر پێیان کراوە (تەها، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

**باسی یەکەم: دەرکەوتنی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ لەدەڤەری باڵەکایەتی و کردەسەربازیەکانیان لەساڵی** ١٩٧٦

سەرەڕای ئەوەی بەپێی ڕێککەوتننانەی جەزائر بۆ ڕێگریکردن لەدووبارە سەرهەڵدانەوەی شۆڕش، عیراق و ئێران پرۆتۆکۆڵی ئاساییشی- سنوریان واژۆکردبوو(نەقشبەندی، ٢٠٢١، ٦٣-٦٦ )، چەندین لیژنەی هەماهەنگی و بەدواداچوونیان دروست کردبوو(عوسمان، ٢٠٠١، ٦٧)، بەتایبەت ئێران چەند بنکەیەکی سەربازی لەسەر سنوورەکان دروست کردبووە، لە ناو ئەو بنکە سەربازیانەدا چەند ئەفسەرێکی سوپای عیراق تێدا جێگیر کردبوو، بەمەبەستی چاودێریکردنی جموجوڵی چەکداری(ئەمین، ١٩٩٧، ٣٦٢ )، لەوکاتەشدا هیچ هیوا و ئومێدێک نەمابوو بۆ سەرهەڵدانەوەی شۆڕش، سەرکردەکانی شۆڕشی ئەیلول لەئێران ژیانیان بەڕێدەکرد، هاوکات خەڵکی تاوەکو ماوەیەک لەگوند و ئاواییەکان دوور کەوتبوونەوە و خۆیان شاردبووەوە لەترسی هێزەکانی عیراق، پاشان کە زانییان دەستکاری کەس ناکەن، گەڕانەوە ناو کەسوکاریان، بەڵام ئەمە تا سەر نەبوو، بەڵکو هێزەکانی عیراق دەستیان کرد بە گرتن و دوور خستنەوەی خەڵکی دەڤەری باڵەکایەتی بۆ ناوەڕاست و باشووری عیراق، ئەمەش وای کرد جارێکی تر خەڵکی بەگژ هێزەکانی عیراقدا بچنەوە و جارێکی تر شۆڕش سەرهەڵبداتەوە(سەکری، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، بۆیە هەریەک لە ی.ن.ک و پ.د.ک(س.ک)، سەرهەڵدانەوەی شۆڕشیان ڕاگەیاند، مەیدانی جموجوڵ و چالاکی سیاسییان سوریا بوو، چونکە لەوکاتەدا سوریا بەهۆی ناکۆکیەکانی لەگەڵ عیراق پشتیوانی ی.ن.ک و پ.د.ک ی دەکرد لە سەرهەڵدانەوەی شۆڕش(مەلا حاجی، ٢٠٢٥، ١٦٣-١٦٨)، ی.ن.ک لەوکاتەدا سەربازگەیەکی مەشق و ڕاهێنانی لەقامیشلۆ دامەزراندبوو کەتایبەت بوو بەو پێشمەرگە و کادرانەی پەیوەندییان پێوە دەکردن، ئیبراهیم عەزۆ ڕسپێردرا سەرپەرشتی ئەو سەربازگەیە بکات(شاڵی، ٢٠٢١، ٤٧)، لەوکاتەشدا حشع لەناوخۆی عیراق بوو، نەهاتبووە شاخ، بۆیە لەنێو ئەو مەفرەزە چەکدارییانەدا ئامادەیی نەبوو، پاسۆکیش هێشتا نەگەیشتبووە ناوچەکە، سەبارەت بە سەرهەڵدانی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕش لە دەڤەری باڵەکایەتی، لەوکاتەدا لەلایەن ئیدریس بارزانییەوە کۆمەڵێک کادری سیاسی و کارگێڕی و لەشکری ناردەوە کوردستان بۆ سێگۆشەی سنوور بەمەبەستی دەستپێکردنی جموجوڵ و چالاکی پارتیزانی(کانیەلەنجی، ٢٠١١، ٦٠)، لەبەرانبەردا سەرکردایەتی ی.ن.ک بڕیاریدا مەفرەزەی چەکداری لەباڵەکایەتی و ناوچەکانی تر دروست بکات تاوەکو وای لێهات دۆڵی باڵەییان بەتەواوی ئازاد کرا و کەوتە دەست پێشمەرگە(سەراوی، ٢٠٢٤، ٥٨٧ )، دواتر سەدان کەس لە کەسایەتی ناوداری عەشائیری هاتنە ڕیزی شۆڕشەوە، لەگەڵ کوێخاکانی باڵەکایەتی و ئاکۆ و مەنگوڕ و مامەش و جافایەتی و شینکایەتی و هتد(ئەمین، ١٩٩٧، ٩٣)، پاشان یەکەم یاخیبوونی چەکداری لەبناری قەندیل سەریهەڵدا و بە یەکەم شەڕ دادەنرێت کە دژی هێزەکانی عیراق لەناوچەی حاجی ئۆمەران ئەنجام درابێت، ئەوە شەڕە بووە سەرەتایەک بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ(تەیب، ٢٠١٢، ٦٥، ٦٦ ).

مەفرەزەی حاجی ئۆمەران کە بوونە سەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ کەپێکهاتبوون لە ٢٢ کەس، لەشەوی٢٦-٦-١٩٧٦ کەوتنە نێو کەمینی هێزەکانی عیراق و سەید عبداللە کوژرا و هەریەک لە نەبی شێخ حەمەد و عەلی مەلا برینداربوون(حاجی ئۆمەرانی، ١٩٩٢، ٢٤)، دواتر ئەو مەفرەزەیە گەییشتنە قەندیل، بەڵام دوای ماوەیەک لەوێ بوون بەدوو بەش، بەشێکیان لایەنگیری خۆیان بۆ س.ک ڕاگەیاند و ناوچەکەیان بەجێهێشت، ئەوانی تر لەژێر سەرکردایەتی ی.ن.ک لەبناری قەندیل مانەوە(مستەفا بۆڵی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، دواتر ٢ کەس بەنوێنەرانی خەڵکی باڵەییان خۆیان گەیاندە لایان و پێمان ڕاگەیاندن کەوا ئێمەش هاتووین و چ ئەرکێکمان پێدەسپێرن ئامادەین، بەڵام عەلی کۆ پێی گوتن ئێمە هیچ کەسێکمان نیە بڕیار و ڕاسپاردەکانی لێوەربگرێن، بۆیە بڕۆنەوە ماڵەکانتان و دانیشن، بەڵام ئەگەر بکرێ چەکمان بۆ بنێرن، دواتر حسابتان بۆ دەکەین، بۆیە گەڕانەوە باڵەییان(قادر سێوەک، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، هاوکات عومەر و دەبابە و کۆمەڵێک کەسایەتی تر دەگەنە سەرکەپکان و لەڕێگەی مەلا شینکە کەلە دۆڵی باڵەییان بووە لەگوندی خەزێنە لەماڵی قادر خەباتەوە پەیوەندی لەگەڵ مەفرەزەی حاجی ئۆمەران گرێدەدەن، پاشان لەڕێگەی نامەیەکەوە شێخە بنزێری ئاگادار دەکەنەوە کە بچێت

بەدوایاندا(سەرکەیی، ٢٠٠٩، ٤، ٥ )، بۆیە شێخە بزنێری گەییشتە سەرکەپکان، لەوێوە عمر دەبابە و دکتۆر خالد و عەلی عەسکەری و چەند کەسێکی تری گەیاندە قەندیل و دەڤەری باڵەکایەتی(پشدەری، ٢٠٠٩، ٢٤، ٢٥) ، دوای گەییشتنیان بەناوچەکە لەگەڵ مەفرەزەی حاجی ئۆمەران یەکیان گرتۆتەوە(سەرکەیی، ٢٠٠٩، ٤، ٥)، دواتر ئەو خەڵکانەی لەحکومەت قاچاغ دەبوون خۆیان دەگەیاندە قەندیل بەتایبەت قادر خەبات و رەسول حاجی کوێخا و پەیوەندییان بەسەرانی شۆرشەوە دەکرد(ئەحمەد، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن)، پاشان کۆمەڵێک پێشمەرگەی تر لە هەردوو گوندی ماونان و خەزێنە بەرێکەوتن بەرەو قەندیل بەمەبەستی پەیوەندی کردن بەسەرانی شۆڕش و لەنێو خۆیاندا خدری صۆفی مەلایان کردە فەرماندەی خۆیان و بووە یەکەم مەفرەزە لەباڵەکایەتی کەپێک هێنرابێت، یەکەم ئەرکی ئەو مەفرەزەیە ناردنیان بوو بۆ سەر گەرووی قەندیل بۆ ئەوەی لەوێ بارەگا دابنێن و ئاگاداری هاتوچۆی خەڵکی بن ئەوانەی مەبەستیانە برۆنە لای سەرکردایەتی ی.ن.ک لە قەندیل(سێوەک، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، دواتر هەریەک لە (مەحمود سەیدە، عەلی ئاغای بوران، عەلی سمایل ئاغا، عەزیز داود) مەفرەزەیەکییان پێکهێنا و ڕویان کردە شاخی قەندیل(مستەفا، ١٩٩٦، ٢)، دوای ئەوانیش عەولا بەرزە و عەبدولرەحمان گوێزڵینگی پەیوەندییان بە مەفرەزە سەرەتاییەکانەوە کرد لەبناری قەندیل(گوێزڵینگەیی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، دواتر حاجی شەریف گوندەژۆری لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی لەقرناقەو و پشتئاشان چوونە لای عەلی عەسکەری و هەر لەوێ فرەزەیەکی بۆ پێکهێنان بەناوی مەفەزەی گەرۆک(محەمەد، ٢٠٢٥، ١٦٢٠، ١٦٢١ )، هەروەها بەشێکی تر لەخەڵک باڵەکایەتی بەشێوەی نهێنی سەردانی مەفرەزە سەرەتاییەکانیان دەکرد لەقەندیل و دەگەڕانەوە گوندەکانیان(لالۆ، ٢٠١٦، ٦)، دەرکەوتنی ئەو مەفرەزە چەکدایانە لە دەڤەری باڵەکایەتی لەژێر سەرکردایەتی ی.ن.ک دەگەڕایەوە بۆ ناوەراستی شۆرشی ئەیلول و سەردەمی دەرکەوتنی باڵی جەلالی و مەلایی، لەوکاتەدا باڵی جەلالی لەدەڤەری باڵەکایەتی بەتوندی لەسەر خەڵکی ناوچەکە ڕەنگی دابووەوە، بۆیە لەگەڵ ڕاگەیاندنی شۆڕشی چەکداری، مام جەلال نامەی بۆ بەشێک لەخەڵکی باڵەکایەتی نارد و داوای لێکردن بێنە ناو ڕیزەکانی شۆڕش(سەکری، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، دوای ماوەیەک ئەو مەفرەزانەی لەبناری قەندیل جێگیر ببوون دابەش کراون بۆ دوو بەش، بەشێکیان بۆ ناوچەی قرناگەو و پشتئاشان، بەشەکەی تریان توانییان دەست بەسەر دۆڵی باڵەییاندا بگرن کە سوپای عیراق زۆر چاوی لەسەر داگیرکردنی ئەو ناوچەیە بوو(سەرکەیی، ٢٠٠٩، ٤، ٥).

دوای ئەوەی دۆڵی باڵەییان کەوتە دەست سەرکردایەتی شۆڕش، بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی پێشمەرگە عەلی عەسکەری و دکتۆر خالد و ملازم عومەر و جەمال خۆشناو و شێخ شەماڵ لەگوندی ماونان کۆبوونەوەیەکیان ڕێکخست، لەو کۆبوونەوەیەدا دوو کەرت لەباڵەکایەتی دروست کران، کەرتێکیان شێخە بنزێری کرایە فەرماندەی کەرت و خدری صۆفی مەلا کرایە جێگری، قادر خەبات کرایە ڕابەری سیاسی، کەرتەکەی تر بۆ مەحمود سەیدە دیاریکرا و مستەفای حاجی کوێخا کرایە جێگری و حسن بۆڵی بووە ڕابەری سیاسی، بۆ هەریەک لەو کەرتانە کۆمەڵێک مەفرەزە دروست کران(سەراوی، ٢٠٢٤، ٥٨٩)، هەواڵی پەیدابوونی مەفرەزەی چەکداری گەیشتە وەرتێ و بناری چیای کارۆخ و لەوێش پێشمەرگە دروست بوو، سەرەتا سەید کاکە و جەمال خۆشناو لەمانگی ٧ی ١٩٧٦ سەردانی وەرتێیان کرد و داوایان لەخەڵک کرد ببن بە پێشمەرگە، دواتر لەمانگی ١٠ی هەمان ساڵ دکتۆر خالد سەردانی ناوچەکەی کرد و سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی شۆڕش وتارێکی پێشکەش کرد(سەراوی، ٢٠٢٤، ٥٩٠، ٥٩١)، هەر لەوکاتەدا هەواڵ گەییشتە جمال خۆشناو کە قائمقامی ڕواندوز سەردانی دەرگەڵە دەکات، بۆیە بەرنامەی دەستگیرکردنی دانرا، بەڵام بەهۆی نەهاتنی، بەرنامەی دەستگیرکردنی هەڵوەشایەوە(ئەحمەد، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، لەوکاتەدا بەشێک لەخەڵکی دەبوونە پیاوی حکومەت و هاوکاری دەزگا ئەمنیەکانیان دەکرد(گوندەژۆری، ٢٠١٨، ١٥٩)، لەدەرەوەی کوردستانیش یەکێتی هەوڵی دەدا لەرێگەی دۆستەکانیەوە بەتایبەت نەجمەدین بیوک کایا لەباکوری کوردستانەوە چەک و تەقەمەنی لەسوریاوە بەرێگەی تورکیا بگەیەنێتە دەست پێشمەرگە، چونکە لەوکاتەدا پێشمەرگە زۆر پێویستی بەچەک و تەقەمەنی بوو(سالح، ٢٠٢٥، ٦٠، ٦١).

دوای یەکگرتنەوەی سەرکردە و پێشمەرگە و فەرماندەکانی شۆڕش، بەرنامەی جموجوڵی سەربازی و چالاکی پێشمەرگە و شەڕی پارتیزانی دانرا(ڕۆژبەیانی، ١٩٨٦، ٧)، دووەم چالاکی دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ لەباڵەکایەتی لێدانی بەردی پاشقەڵاتان بوو لەنزیک چۆمان، ئەوکردە سەربازیە لەمانگی ٦ی ساڵی ١٩٧٦ لەلایەن سێ پێشمەرگە ئەنجام درا یەکێکیان رسول حاجی کوێخا بوو ئەوەی تریان علی مهابادی و سێیەمیان حەمەدئەمین شێخە علی(فەقێ ڕەسول، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن)، دوای ئەو ماوەیە مەفرەزەی پێشمەرگە دابەزینە گوندەکانی باڵەیان و دەستیان کرد بەجموجوڵی سەربازی، لەو چوارچێوەیەدا مەفرەزەیەک پیشمەرگە چوونە گوندی ڕەزوکەریان لەدۆڵی خانەقا و ٢ پۆلیسیان دەستگیر کرد، دواتر چەکەکانیان لێوەرگرتن و ئازادیان کردن(مەحمود، ٢٠٢٤، چاوپێکەوتن)، جارێکی تر مەفرەزەی رسول حاجی کوێخا لەناوەراستی هاوینی ساڵی ١٩٧٦ چوونە بەرانبەر دیلمان و لەوێوە تەقەیان لە سەربازگەی دیلمان کرد(فەقێ ڕەسول، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن)، هەروەها لە ڕێکەوتی ٢-١٠-١٩٧٦ لە سەر ڕێگای وەرتێ دوو سەرباز بە دوو کلاشینکۆفەوە دەستگیر کران(الاتحاد الوطني الكردستاني- قسم الاعلام: تقرير حول الوضع العسكري.)، بەڵام لەسەر داواکاری خەڵک چەکەکانیان دراینەوە، چونکە دانیشتوانی وەرتێ ترسیان هەبوو لەوەی هێزەکانی عیراق تۆڵە لەخەڵکی بێتاوان بکەنەوە(حەمە وەرتی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، لەلایەکی ترەوە چالاکیەکانی پیشمەرگە لەدەڤەری باڵەکایەتی لە لێدانی ڕەبایە و دانانی بۆسە و دەستگیرکردنی سەرباز و پۆلیس نەوەستابوو، بەڵکو پێشمەرگە هەوڵیدا چالاکیەکانی فراوانتر بکەن و لەنێو شار و شارۆچکەکان بنکە حکومیەکان بکاتە ئامانج، لەوبارەیەوە برایمەسێن دەڵێت:'' لەشەوێکی مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٧٦ مەفرەزەیەک پیشمەرگە چوینە ناو قەسرێ و بنکەی کشتوکاڵی قەسرێمان کردە ئامانج و گەڕاینەوە شوێننەکانی خۆمان(برایمەسێن، ٢٠٢٤، چاوپێکەوتن).

دەرکەوتنی مەفرەزەی چەکداری و جموجوڵی پێشەرگە لەلایەک و هاوکاری خەڵکی ناوچەکە بۆ پێشمەرگە لەلایەکی تر وای لەهێزەکانی عیراق کردبوو دەست بکەن بەئامادەکاری بۆگەڕان و پشکنینی گوندەکانی باڵەکایەتی و هێرش و پەلامار بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە(سەراوی، ٢٠٢٤، ٥٩٤)، لەوکاتەشدا خەڵکی هێشتا چەک و تەقەمەنی سەردەمی شۆڕشی ئەیلولی لەماڵی خۆی شاردبووەوە تاوەکو لەدەرفەتێکدا بیانگەیەننە دەست هێزی پێشمەرگە(عەبدولرەحیم، ٢٠٥، چاوپێکەوتن)، پاشان هێرشی سوپای عیراق بۆ سەر گوندەکانی دەڤەری باڵەکایەتی دەستی پێکرد، لەو چوارچێوەیەدا لە ڕێکەوتی ١٦-١١-١٩٧٦ هێزەکانی گەورەی کۆماندۆی سوپای عیراق لەچەند قۆڵێکەوە پەلاماری گوندی گوندەژۆریان دا لەنزیک چۆمان(کەریم خان گوندەژۆری، ١٩٩٨، ٣)، لەئەنجامدا هێزەکانی عیراق تووشی زیانێکی زۆر بوونەوە، لەبەرانبەردا وێڕای دەستکەوتنی چەندین پارچە چە خانەک(کەریمگوندەژۆری، ٢٠٠٨، ٨ ؛ ئیسماعیل، ٢٠١٦، ١٧٥ ؛ سەراوی، ٢٠٢٤، ٥٩٤ )، پێنج هاوڵاتی کوژران بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان هەبووبێت کە بریتی بوون لە (مام مەلا، عەبدوڵلا مەلا، صدیق عەبدوڵلا، زرار عەبدوڵلا و مریەم حەسەن)( هەواڵنامەی کوردستانی عیراق، ژمارە(١)، ١٣ی تشرینی دووەمی١٩٧٦، ٢٩)، هەر لەو ماوانەدا سوپای عیراق لەقەسرێوە جوڵەی پێکرا بەرەو دۆڵی باڵەیان بەمەبەستی گرتن و گواستنەوەی خێزانی پ.م و جوتیارانی ناوچەکە(هەواڵنامەی کوردستانی عیراق، ژمارەی (١)، ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦، ٤٤)، ئەوە بوو لەبایناوان هێزی پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکە لەژێر فەرمانی قادر خەبات پێشیان لەو هێرشەی دوژمن گرت و جوڵەی هێزەکەیان وەستاند(سەرتاوی، ٢٠٢٤، ٥٩٢)، لەسەرو ئەوانەوە رسول حاجی کوێخا لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک لەگابیرێزەوە بۆیان دابەزین(فەقێ ڕەسول، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن)، چەند پێشمەرگەیەکی تر لەمەفرەزەی احمد مولود خۆیان ئامادە کرد و گەیێشتنە سەرو بایناوان(حەمە کاوڵانی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، جگە لەو دوو مەفرەزەیە دوو پیشمەرگەی تر لە بوران گەییشتنە مەیدانی شەڕ(ئەحمەد، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن)، هاتنی ئەو پێشمەرگانە بۆ سەروو بایناوان تینێکی باشی بە پێشمەرگە بەخشی بەتایبەت مەفرەزەی رسول حاجی کوێخا و کاریگەری لەسەر جوڵەی هێزی حکومەت دروست کردبوو(حەمەد، ٢٠٢٤، چاوپێکەوتن)، بەم شێوەیە ئەو هێزە گەمارۆ درا تاوەکو بەناچاری دەزگای هەواڵگری سوپا نوێنەرێکی نارد بەناوی نامق خورشید بۆ ئەوەی لەڕێگەی گفتوگۆوە ئەو هێزە ڕزگار بکەن،



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

دواجار هەردوو لا رێکەوتن لەسەر مەرجەکانی یەکتر، مەرجی حکومەت گێڕانەوەی سەربازە گەمارۆدراوەکانیان بوو، لەبەرانبەردا مەرجەکانی پیشمەرگە وەستانی تۆپباران و پاشەکشیی سوپا بوو(ئەسەسەرد، ٢٠٢١، ١٩٥، ١٩٦)، دواتر بەپێی ئەم رێککەوتنە هێزە گەمارۆدراوەکە پاشەکشێی کردەوە بەرەو قەسرێ، لەو شەڕەدا پێشمەرگە بێ زیان بوو، تەنها ژنێک لەگوندی چۆمساک بریندار بوو(سەراوی، ٢٠٢٤، ٥٩٢، ٥٩٣)، لەبەرانبەردا هێزەکانی عیراق نزیکەی ١٥٢ کوژراو و برینداریان هەبوو(ئەسەسەرد، ٢٠١٣، ٨١ )، بەڵام لەهەواڵنامەی کوردستانی عیراقدا ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی سوپای عیراق بە ٥٥ ئەفسەر و سەرباز خەمڵاندووە(هەواڵنامەی کوردستانی عیراق، ژمارە(١)، ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦، ٢٩)، لەنێو شار و شارۆچکەکانیشدا سیخورەکانی حکومەتی عیراق ئەوانەی پێشتر لەنێو شۆڕشی ئەیلولدا بەرپرسیارێتییان هەبوو هەوالیان لەخەڵکی دەدا، بۆ نموونە لەقەسرێ کەسێک کەپێشتر بەرپرسیارێتی هەبوو هەندێک چەک دەداتە مینەی حەمەدی کوێلێ کەپێشتر لەشۆڕشی ئەیلول لای ئەو پێشمەرگە بووە، دواتر خەبەری لێ دەدات و لەگەڵ هێزێکی سەربازی دەدەن بەسەر ماڵی ناوبراودا و کۆمەڵێک چەک دەدۆزنەوە، دواتر دەیان بات بۆ ئەشکەوت کە دوو دەرگای هەبووە، گوایە لەوێش هەندێک چەکی تری شاردۆتەوە بە مەبەستی دەرباز بوون، کە دەچێتە ژوور لە دەرگای تردا دێتە دەرەوە و رادەکات بەرەو وەڵزێ، بەڵام لەرەبایەکانی دەورووبەر چاودێری دەکرێن و لەکاتی راکردنیدا بەچەکی دۆشکا تەقەی لێدەکرێت و دەکوژرێت(حەمەد مینە، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

لەو کاتەشدا تیمێکی حکومی بەناوی (جمعية الفلاحي) لەباڵەییان پەیدا بوون و لەگوندی ماونان کۆبونەوەیان بەخەڵکی گوندەکان کرد، هاوکات جمال خۆشنا و مەفرەزەیەک پێشمەرگە گەیشتنە ماونان بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ ئەو تیمە بکەن(مام هێدی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، هاوکات مەفرەزەیەک پێشمەرگە بۆ سەر پردی سمۆرێ دانران بۆ ئەوەی تاوەکو کۆبوونەوە تەواو دەبێت رێگا نەدەن کەس هاتوچۆ بکات(فەقێ رەسول، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن)، لەو رۆژەدا پیاوانی دەوڵەت لەترسی پیشمەرگە خۆیان شاردبووەوە، بەڵام دوای وتاری جەمال خۆشناو بەرێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ کرا و بەرێکرانەوە(مام هێدی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، لەوکاتەشدا یەکەم دەستەی پێشمەرگەی پڕ چەک و رێکخراو لەناوچەکە بۆ خدری سوفی مەلا پێکهات، دواتر کەوتنە گەڕان و چالاکی سیاسی، تەنزیمی، پێشمەرگەیی(هەواڵنامەی کوردستانی عیراق، ژمارە(١)، ١٨ی ئابی ١٩٧٦، ٢٧)، دواتر بەفەرمی لەلایەن سەرکردایەتی دەست کرا بە دروستکردنی مەفرەزەی سەرەتایی لە باڵەکایەتی و هەورامان و هەڵەبجە و دەشتی کۆیە و قەڵاتوکان و دەشتی هەولێر و بادینان و شارباژێر و دۆڵی جافایەتی(جەلال، ٢٠٢١، ١١٨)، ئەو مەفرەزانەی لە دەڤەری باڵەکایەتی پێکهێنران یەکیان گرتەوە و توانیان دەست بەسەر دۆڵی باڵەییان دا بگرن(گوندەژۆری، ٢٠١٨، ١٦٤).

دوای پێکهێنانی مەفرەزەی سەرەتایی هێزێک بەسەرکردایەتی جەمال خۆشناو و سەید کاکە گەیشتنە وەرتێ و لەوێ قسەیان بۆ خەڵکی کرد لەسەر سەرهەڵدانەوەی شۆڕش، شەو نامەیەکیان بۆ مەخفەری پۆلیسی وەرتێ نووسی لەسەر چۆڵکردنی مەخفەر و رۆشتنیان و دایانە دەست من بۆ ئەوەی بیگەیەنمە دەست مەحمود صۆفی کە موختاری وەرتێ بوو، دواتر هێزەکە رۆشت بەرەو خۆشناوەتی و دەشتی هەولێر بەمەبەستی گەیاندنی پەیامی سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێ بەگوێی خەڵکیدا(حەمە وەرتی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، هەر لەو ماوانەدا مەفرەزە چەکداریەکانی باڵەکایەتی دەستیان کرد بەچالاکی و شەڕی پارتیزانی و لێدانی بنکە سەربازیەکانی هێزەکانی عیراق، یەکێک لەو لەو چالاکیانە هێرشی مەفرەزەیەک پێشمەرگەی ی.ن.ک بوو بۆ سەر ئۆتۆمۆبیلێکی سەربازی لەجۆری جیب قیادە لەچۆمان لەرێکەوتی ٢-١٢-١٩٧٦ بەهۆیەوە نەقیبێک بەناوی یونس کوژرا لەگەڵ دوو سەربازی تر لەبەرانبەردا پیشمەرگە هیچ زیانێکی نەبوو(الاتحاد الوطني الكردستاني- قسم الاعلام: تقرير حول الوضع العسكري، ٣)، دواتر مەفرەزەیەک پێشمەرگە لە سەر رێگای هاملتۆن لەنزیک گوندی ئۆمەراوە بۆسەیەکیان بۆپ هێزەکانی عیراق دانا(سەراوی، ٢٠٢٤، ٥٩٩)، ئەو چالاکیە لە رێکەوتی ١٧-١٢-١٩٧٦ بەفەرماندەیی قادر خەبات

ئەنجام درا لەگەڵ نزیکەی ١١ پیشمەرگە(قادر سێوەک، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، لەو بۆسەیەدا دوو جێب قیادە و ٦ ئیڤا کەوتنە ناو بۆسەکەوە و بەهۆیەوە ژمارەیەک سەرباز کوژران، دوای ئەنجامدانی ئەو چالاکیە پێشمەرگە بەبێ زیان گەڕانەوە بنکەکانیان(ئەحمە شەنگە، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

لەوکاتەدا پزیشک و داو و دەرمان زۆر پێویست بوون بۆ ناوچەکە، چونکە بە بەردەوامی لەدەڤەری  باڵەکایەتی شەڕ بوو، سوپا بەردەوام لەحاڵەتی هێرشدا بوو، پێشمەرگەش وێڕای بەرگریکردن بەردەوام بوو لەجموجوڵ و چالاکی سەربازی، بۆیە لەبەر ئەو پیداویستیانە دوو مەفرەزە بەفەرماندەیی قادر خەبات و ئەحمەد فەقێ ڕەش چوونە ناو گەلاڵە و بەشێکی نەخۆشخانەیان گواستەوە بۆ ناوچە ئازادکراوەکان، لەگەڵیشیدا دکتۆری نەخۆشخانەکە بەناوی دکتۆر عەبدولڕەحمان هاتە ناو شۆڕش و بووە پیشمەرگە(سەراوی، ٢٠٢٤، ٦٠٠)، دوای ئەو چالاکیە کردە سەربازیەکان بەردەوام بوون، یەکێکی تر لەو چالاکیەکانە لێدانی بارەگای لیوای سەربازی بوو لەچۆمان لە ڕێکەوتی ٢٠-١٢-١٩٧٦ کە تیایدا ٩ سەرباز کوژران، هەر لەو ڕۆژەدا دەستەیەک پێشمەرگە هێرشیان کردە سەر فەوجێکی سەربازی لە بەردەسۆران لەنزیک چۆمان و نەقیبێک و ٦ سەرباز کوژران(سەراوی، ٢٠٢٤، ٥٩٦)، چوار ڕۆژ دواتر مەفرەزەیەکی تێکەڵ لەمەفرەزە سەرەتاییەکانی دەڤەری باڵەکایەتی بۆسەیەکان لەنزیک بەردی پاشقەڵاتانی نزیک چۆمان نایەوە، بەهۆیەوە ئەفسەرێک و سەربازێک کوژران(حەمە بورەیی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، هەروەها لەگەلاڵە و ڕێگای هاملتۆن چەند کردەیەکی سەربازی ئەنجام دران و زیانێکی زۆریان بە سوپای عیراق گەیاند، یەکێک لەو چالاکیانە لێدانی کاروانێکی سەربازی بوو کە لەنێوان گەلاڵە و ڕواندز لە ٢٦-١٢-١٩٧٦ کەوتە ناو کەمینی پێشمەرگەکانی باڵەک و تیایدا ٦٠ سەرباز کوژران و بریندار بوون(سەراوی، ٢٠٢٤، ٥٩٧)، یەکێک لەکوژراوەکان سیخوڕێکی حکومەت بوو بەناوی لطیف روستي(الاتحاد الوطني الكردستاني- قسم الاعلام: تقرير حول الوضع العسكري. ٣)، ڕۆژی دواتر لەکۆسپی سپی کاروانێکی سەربازی گوللە باران کرا و پێشمەرگە بێزیان بوو(سەراوی، ٢٠١٩، ٨٢، ٨٣)، پێشمەرگەکانی گەلاڵە هەر بەوەوە نەوەستان، بەڵکو ئەوجارە ناو شاریان دیاریکرد ، ئەوە بوو مەفرەزەیەک پێشمەرگە هەڵیان کوتایە سەر دائیرەی منەزەمەی گەلاڵە، ئەو چالاکیە دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو لەناوچەکە(سەراوی، ٢٠٢٤، ٥٩٧).

هاوکات لەگەڵ زیاد بوونی جموجوڵ و چالاکیەکانی پیشمەرگە، هێزەکانی عیراق بەردەوام بوون لە دانانی ڕەبایە و بنکەی سەربازی لەسەر ڕێگای هاتوچۆی هاوڵاتیان، یەکێک لەو ڕەبایانە لەسەر زینی ئۆمەراوێ بوو لەنیوان ڕەژوکەریان و ئۆمەراوە کەهێشتا بەتەواوی دانەمەزرابوو، بوونی ئەو ڕەبایەیە لەو شوێنە دەبووە بەربەست لەبەردەم هاتوچۆی خەڵکی ناوچەکە، بۆیە بڕیار درا پەلاماری بدرێت، بۆ ئەو مەبەستە عەولا سور و شێخ ئۆمەر و مەفرەزەیەک پێشمەرگە لە ئێندزێوە گەییشتنە سەرنەوس و لەگەڵ مەفرەزەیەکی تێکەل لە خەڵکی کەلێتێ و ڕەژوکەریان بەسەرپەرشتی رسول حەمەد یەکیان گرتەوە و توانییان دەستی ەسەردا بگرن(حوسێن، ٢٠٢٤، چاوپێکەوتن).

لەبەرانبەر جموجوڵ و چالاکیەکانی پیشمەرگەدا هێزەکانی عیراق لەناوچەکە کەوتنە ئامادەباشی بۆ وەدەرنانی مەفرەزە چەکداریەکانی پێشمەرگە، بۆ ئەو مەبەستە هێزێکی زۆری سەربازی گەییشتە قەسرێ، لەوکاتەشدا مەفرەزەکانی پێشمەرگە بەسەر دوو قۆڵدا دابەش ببوون، قۆڵی یەکەمیان بەری کەلەکی باڵەییان بوو، قۆڵی دووەم لەگابیرێز درێژ دەبووەوە تاوەکو دەگاتە ماینەسۆر و گردی گڕبەی، یەکەم تەقەی شەڕ لە بەرەبەیانی ٢٨-١٢-١٩٧٦  لەنزیک ماینەسۆر دەستی پێکرد، دواتر شەڕ گەییشتە گابیرێز و دواتر وەڵزێ، لە جەبهەی گابیرێز نەقیب عەدنان سەرپەرشتی هێڵی پێشەوەی شەڕی دەکرد و نزیکەی ١٥٠ سەربازی قواة خاصەی لەگەڵدا بوو(ئاشتی، ١٩٨٦، ٤-٤٢)، سەبارەت بە مەفرەزەی گوندی کۆیلێ خدر حەمەد ئەمین فەقێ رسول دەڵێت:''کاتێک گەییشتینە گابیرێز تەقە بوو، مستەفای حاجی کوێخا بانگی کردین کە ئاگاداری خۆمان بین، لەبەر ئەوەی لەگەڵ سەربازەکان تێکەڵ ببووین و بوو بەشەڕێکی دەستەو یەخە، فەرماندەی مەفرەزەمان رسول حاجی کوێخا کەوتبووە ناوجەرگەی دوژمن و گەمارۆ درابوو، ڕەشاشێک فشاری زۆر لەسەر دروست کردبوون، بۆیە لەدواوە لێی سوڕاین و کوشتمان، لەسەرووی ئێمەشەوە نەقیب عەدنان سەرپەرشتی هێڵی پێشەوەی شەڕی دەکرد، برایمی حاجی کوێخا هێرشی بۆ برد و هەردوکیان تەقەیان لەیەکتری کرد، لەئەنجامدا


(ISSN): 2227-2895 (Print)       (E-ISSN):2313-0059 (Online)

نەقیب عدنان کوژرا"(فەق ڕەسول، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، کوژرانی نقیب عدنان کە فەرماندەی فەوج بوو، سەرپەرشتی هێڵی پێشەوەی شەڕی دەکرد، پێشڕەوی هێزەکانی عیراق وەستاند(گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە، ژمارە(١١٦)، ساڵی ٢٠١٠، ٧)، لەوکاتەشدا مەفرەزەکانی تری باڵەیان کەژمارەیان نزیکەی ٥٠ پێشمەرگە دەبوون گەییشتنە مەیدانی شەڕ و دوژمن لەگابیرێز شکستی هێنا(ئاشتی، ١٩٨٦، ٤١ )، سەبارەت بە بەرەی وەڵزێ هێزەکانی عیراق لە ٣ قۆڵەوە کەوتنە جوڵە بەرەو وەڵزێ و گابیرێز بەو شێوەیە:

-قۆڵی یەکەمیان کەهێزە سەرەکیەکە بوو لە شەختانان و نسێیان هەڵکشان و لەسەر ڕێگای گابیرێز تووشی شەڕ بوون و شکان.

-قۆڵی دووەمیان لەلای گوندی وەلاشێوە جوڵەی پێکرا بەرەو گوندی وەڵزێ.

قۆڵی سێیەم ئەوانیش لەبەردەڕەشانەوە بەرەو وەڵزێ هێرشیان برد(ئاشتی، ١٩٨٦، ٤١).

بەڵام هێزەکانی عیراق لە هەرسێ بەرەوە شکستیان هێنا کوژراوێکی زۆریان لەمەیدانی شەڕ لێ بەجێ ماکە بەنزیکەی ١١٥ کوژراو مەزەندە دەکران، لەناویاندا کۆمەڵێک ئەفەسەر، لەگەڵ بەدیلگرتنی دوو سەرباز(سەراوی، ٢٠٢٤، ٥٩٥ ؛ ئاشتی، ١٩٨٦، ٤٢)، زیانی پێشمەرگە ٣ بریندار بوو بەناوەکانی (حاجی وەڵزی، حاجی جەلال، ئەحمەد نەبی ناسراو بە ئەحمەدی نەبیەسۆری) لەگەڵ بریندار بوونی دوو هاوڵاتی(حاجی وەڵزی، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن)، دەستکەوتی پێشمەرگە بریتی بوو لە نزیکەی ٧٣ کلاشینکۆف، لەگەڵ ٣ ڕەشاش(ئاشتی، ١٩٨٦، ٤٢)، لەوکاتەشدا دایکی نقیب عدنان گەییشتبووە قەسرێ بەمەبەستی وەرگرتنەوەی تەرمی کوڕەکەی، کاتێک شوێنی کوژرانی کوڕەکەی بینیبوو بەتوڕەییەوە گوتبووی لێرەش لەکورد ناگەڕێن(سەراوی، ٢٠٢٤، ٥٩٥).

بەسەرنجدان لەسەر بارودۆخی دەڤەری باڵەکایەتی ئەوکات، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بە پشتیوانی خەڵکی دەڤەری باڵەکایەتی لەسەر پێی خۆیان وەستاون و بەردەوامییان دابووە بەشۆرش، ئەگەر ناوچەی باڵەکایەتی نەبوایە ئەستەم بوو شۆرشی نوێ بەو شێوەیە خۆی ڕابگرێت و بەردەوام بێت لە چالاکیەکانی دژی هێزەکانی عیراق، هەر بۆیە سوپای عیراق لەماوەی ساڵی ١٩٧٦ فشارێکی زۆری لەسەر ناوچەکە دروست کرد بۆ ئەوەی کارێکی وا بکەن ئەگەر بەخۆشیان نەتوانن دەست بەسەر مەفرەزە سەرەتاییەکاندا بگرن، خەڵکیان لێهان بدەن.

**بەسی دووەم: کردە سەربازیەکانی هێزی پێشمەرگە لەدەڤەری باڵەکایەتی لەساڵی ١٩٧٧**

دوای شەڕی وەڵزێ-گابیرێز و هاتنی ساڵی نوێ، پێشمەرگە پەلاماری بۆ سەر دام و دەزگاکانی حکومەتی بەعس چڕکردەوە، ئەوە بوو لەساڵی ١٩٧٧ لەناو باخچەکانی گەڵاڵە لەلایەن مەفرەزەی گەڵاڵە دوو سەرباز کوژران، هەر لەهەمان کاتدا مەفرەزەیەک پێشمەرگەی گەڵاڵە لەکۆسپی سپی لەنزیک پردی حافیز هێرشیان کردە سەر کاروانێکی سەربازی و لەئەنجامدا چەند سەربازێک کوژران، هەر لەکۆسپی سپی مەفرەزەی گەڵاڵە لە ٣-٢-١٩٧٧ بنکەیەکی سپای عیراقیان لە نزیک گوندی ئۆمەراوە گوللە باران کرد، لەئەنجامدا ١٣ سەرباز و ملازم ئەوەلێک کوژران، چوار ڕۆژ دواتر مەفرەزەیەک پێشمەرگە لەکۆسپی سپی لە بۆسەیەکدا پەلاماری هێزێکی سوپای عیراقیان دا، لەئەنجامدا ٣ ئەفسەر و ٢٣ سەرباز کوژران لەگەڵ بریندار بوونی ١٣ سەرباز، لەو چالاکیەدا ٥ کلاشینکۆف دەستکەوتی پێشمەرگە بوو، زیانی پێشمەرگە تەنها یەک بریندار بوو(سەراوی، ٢٠٢٤، ٥٩٨)، دانانی کەمین و شەڕی پارتیزانی لە دەڤەری باڵەکایەتی لەلایەن پێشمەرگەوە بەردەوام بوو، ئەوە بوو لە ڕێکەوتی ١٣-٢-١٩٧٧ نزیک چۆمان مەفرەزەیەک پێشمەرگەی هەرێمی ٧ی باڵەک بۆسەیەکیان بۆ ئۆتۆمۆبیلێکی ئەمنی چۆمان دانا، لەئەنجامدا چوار ئەمن کوژران و چواری تر بریندار بوون، دوو ڕۆژ دواتر مەفرەزەیەک پێشمەرگە هێرشیان کردە سەر بارەگای لیوای چۆمان، لەو چالاکیەدا ١١ سەرباز کوژران و بریندار بوون، دواتر و لە ١٩-٢-١٩٧٧ دەستەیەک پێشمەرگە لە نزیک چۆمان ئۆتۆمۆبیلێکی دائیرەی ئەمنیان گوللەباران کرد بەهۆیەوە ئەمنێک کوژرا و دوانی تر بریندار بوون، لە ٢٢-٢-١٩٧٧ مەفرەزەیەک پێشمەرگە بۆسەیەکیان لەناوپردان دانا، لەو بۆسەیەدا ٨ سەرباز و نائب زابتێک کوژران، ٥ کلاشینکۆف دەستکەوتی پێشمەرگە بوو(سەراوی، ٢٠٢٤، ٥٩٧، ٥٩٨).

چالاکیە سەربازیەکان و هێرشەکانی سوپا لەباڵەکایەتی تەنها لە چۆمان و ڕێگای هاملتۆن چڕ نەبوونەوە، بەڵکو گەیشتبووە ناوچەکانی تر، وەرتێ و کەڵێتێ بەدەر نەبوون لە هێرشە سەربازیەکانی سوپا، لەو چوارچێوەیەدا هێزەکانی عیراق بەمەبەستی دەستبەسەردا گرتنی کەڵێتێ و بەرزاییەکانی، لە ٩ی ئازاری ١٩٧٧ لەدەرگەڵەوە هێزێکی زۆر ئامادە کرا، لەوکاتەدا عەلی کۆ گەیشتبووە کەلێتێ بۆ ئەوە سەرپەرشتی ئەو مەفرەزانە بکات کەلەناوچەکە پێکهێنرابوون، دوای ئاگادارکردنەوەی هێزی پێشمەرگە لەو هێرشە، عەلی کۆ پێشمەرگەکانی دابەش کرد، دوو مەفرەزە لەلایەن عەلی کۆوە ناردران بۆ سەری باڵەک، مەفرەزەیەکی تر لە خەڵکی ڕەژوکەریان و کەلێتێ ناردران بۆ بەرانبەر دەرگەڵە(خدر ڕەژوکری، ٢٠٢٤، چاوپێکەوتن)، لەنزیک ئەوانیش مەفرەزەیەک پێشمەرگە لەژێر سەرپەرشتی عەولاسور دامەزرابوون(عەبدوڵلا قسەخۆش، ٢٠٢٤، چاوپێکەوتن)، پلانی هێرش سوپا بەشێوەیەک بوو سەرەتا دەبوو دەست بەسەر سەری باڵەکدا بگیرێت، ئینجا هێزی سەربازی لەدەرگەڵە جوڵە بکات، هەر واش دەرچوو، هێزەکانی عیراق سەری باڵەکیان گرت و شەڕ لەلای مەفرەزەی بەرانبەر دەرگەڵەش دەستی پێکرد، بەڵام پێشمەرگە شکستی هێنا و یەکێک لە پێشمەرگەکان بەناوی عەزیز عەبدوڵلا کوژرا، مەفرەزەی پێشمەرگە لەوەرتێ بڕیاریان دا هێرشی پێچەوانە دەستپێبکەن، بەڵام ڕسول حەمەد ڕەژوکەری کەفەرماندەی مەفرەزە بوو ڕێگەی نەدا، چونکە دەیزانی لەتۆڵەی ئەمەدا خەڵکی کەلێتێ توشی کوشتن و لەناو بردن دەبنەوە(حوسێن، ٢٠٢٤، چاوپێکەوتن)، زیانی هێزەکانی عیراق لەو شەڕەدا بریتی بوو لە ٣٢ کوژراو و ١٧ بریندار(ئەسسەرد، ٢٠٢١، ٨١٢ )، چەند ڕۆژێک دواتر سوپا لەڕێگەی سۆڵتەوە هێرشی بۆ سەر گوندی وەرتێ دەستپێکرد، پێشمەرگە بەرپەرچی ئەو هێرشەیان دایەوە و سوپا ١٠ سەربازی لێ کوژرا، قوربانی پێشمەرگە یەک کەس بوو بەناوی مستەفا مەلا ڕسول حاجی وەرتی، لەگەڵ بریندار بوونی یەک پێشمەرگە بەناوی عەبدوڵلا قسەخۆش(عەبدوڵلا قسەخۆش، ٢٠٢٤، چاوپێکەوتن)، هەر لەهەمان ڕۆژدا هاوڵاتییەکی گوندی ڕوست بەناوی عالی عوسمان حەمەد عوسمان کە ئەوکات لەخانەقا نیشتەجێ ببوو، لەنزیک شەرگەی وەرتێ لەنیوان کۆسپی سۆڵتە و خانەقا کەوتە بەر دەستڕێژی هێزەکانی عیراق و کوژرا(مەنتک، ٢٠١٨، ٤٨٠، ٤٨١)، دوای ئەو شەڕە پێشمەرگە پاشەکشێی کرد بەرەو باڵەیان، لەوێ لەگەڵ دکتۆر خالد بەرێکەوتن بەرەو ناوچەی سێ سنوور و ماوەی سێ مانگ لەوێ مانەوە، دواتر گەڕانەوە ناوچەکانیان(حوسێن، ٢٠٢٤، چاوپێکەوتن).

هێرشی بەردەوامی سوپا بۆ سەر ناوچەکە و ئامادەکاری بۆ هێرشەکانی دواتر، وای لەپێشمەرگە کرد بڕیاری لێدانی هێزەکانی عیراق بدەن، بۆ ئەم مەبەستە دەستەیەک پێشمەرگە لەژێر سەرپەرشتی قادر خەبات چونە پردی زەرد و لەوێ بۆسەیەکیان بۆ هێزەکانی عیراق لەناوچەکە دانا، لەئەنجامدا ٦ ئیڤا کەوتنە ناو بۆسەی پێشمەرگە و سەربازێکی زۆر لەو شەڕە کوژران، ماوەیەک دواتر قادر خەبات و ئەحمەد فەقێ ڕەش لەگەڵ دەستەیەک پێشمەرگە چونە شارۆچکەی گەڵاڵە و نەخۆشخانەی ئەو شارەیان شکاند و پێداویستییەکی زۆری پزیشکیان گواستەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی شۆڕش لەباڵەییان، دکتۆری نەخۆشخانەکەش سەر بەڕێکخستنەکانی ی.ن.ک بوو، ئەویش پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کرد(سەراوی، ٢٠٢٤، ٥٩٩، ٦٠٠)، هەروەها لە ٢٥-٣-١٩٧٧ مەفرەزەیەک پێشمەرگە بنکەیەکی سەربازییان لەناو شاری چۆمان گوللەباران کرد، ڕۆژی دواتر لەنزیک دەربەند ڕایات مەفرەزەیەک پێشمەرگە بۆسەیەکیان نایەوە و جێب قیادەیەک کەوتە ناو بۆسەکەوە و نەقیبێک و یەک ملازم لەگەڵ سێ سەرباز کوژران(سەراوی، ٢٠٢٤، ٦٠٧).

هێزەکانی عیراق بەردەوام لەهەوڵدا بوون بۆ بنبڕ کردنی مەفرەزەی چەکداری و دەستبەسەردا گرتنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، سەرەتا لە ٢٧-٣-١٩٧٧ قۆپی قیتەکەیان دەستبەسەردا گرت کە کەوتۆتە دامێنی چیای کۆخە و بەسەر وەڵاشێ دا دەڕوانێت، بەهۆیەوە ڕێگای هاتوچۆی پیادەی نێوان چۆمان و قەسرێ کۆنترۆڵ کرا(ئەحەد، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن )، لەکاتێکدا سەرانی شۆڕش بیریان لەڕێگە چارەی ئاشتی دەکردەوە نەوەکو شەڕ، بۆیە لەلایەن جمال خۆشناوەوە نامەیەک ئاراستەی سەربازگەی دیلمان کرا، سەبارەت بەو نامەیە شێخ سەعید دەڵێت:'' نامەیەک لەلایەن ڕسول حاجی کویخایەوە کە ئەوکات بارەگای لەبنەڵە دانرابوو گەیەندرایە دەست من تاوەکو بیگەیەنمە سەربازگەی دیلمان و لەوێشەوە بگەیەنرێتە شوێنی مەبەست، نامەکەم گەیاندە سەربازگەی دیلمان و لەوێوە لەگەڵ نامەکە گواسترامەوە بۆ سەربازگەی قەسرێ، دوای وەرگرتنی نامەکە

بەڕێکرامەوە بۆ گوندەکەی خۆم پێیان گووتم دوایی وڵامت دەدەینەوە"(شێخ سەعید، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، هێشتا وڵامی نامەی حکومەت نەگەڕابووەوە هێزی پێشمەرگە پلانی دەستبەسەرداگرتنەوەی قۆپی قیتەکەی دانا لە شاخی کۆخە(ئەحمە، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن)، بۆ ئەو مەبەستە داوا لەمەفرەزەکانی باڵەکایەتی کرا هەر ئامر مەفرەزەیەک خۆی و دوو پێشمەرگە ئامادە بن، بەڵام پلانەکە جێبەجێ نەکرا، چونکە هێزەکانی عیراق دەستپێشخەرییان کرد(ڕەشۆ، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، حەمە ڕەسول کاولانی لەوبارەیەوە دەڵێت:''ئێمە بەشێکمان گەیشتبووینە سەر شاخی شێخ ناصر چاوەڕێی پێشمەرگەکانی ترمان دەکرد بۆ ئەوەی هێرش بکەینە سەر شاخی کۆخە و دەستی بەسەردا بگرینەوە، بەڵام دوژمن دەست پێشخەری کرد''(کاولانی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، ئەوە بوو لە لەیەک کاتدا لە ڕێکەوتی ٢٨-٣-١٩٧٧ وڵامی نامەیان بەنەرێنی دایەوە و هێرشیان بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە شێخ ناصر و گابیرێز و کەڵەکی باڵەییان دەستپێکرد(فەقێ ڕەسول، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن)، لەگابیرێز پێشڕەوی هێزەکانی عیراق نزیک ببوونەوە لە سەنگەرەکانی پیشمەرگە و شەڕ دەستی پێکرد، ئەو هێزەی بۆ گرتنەوەی شاخی کۆخە دانرابوون و لەشێخ ناصر چاوەڕێی هێزەکانی تر بوون، بەمەبەستی بەهاناوەچوونی پێشمەرگەکانی گابیرێز، شێخ ناصرمان بەجێهێشت، بەڵام کاتێک گەییشتنە گابیرێز دوژمن دەستی بەسەر شاخی شێخ ناصردا گرت(کاولانی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، سەبارەت بەئامادەکاری هێرشی دوژمن، مەحمود کەهاتوچۆی باڵەییانی دەکرد ڕۆژێک بەر لە دەستپێکردنی هێرش هاتە باڵەییان و گوتی لەسەر ڕێگا سەربازێکم بینی گوتی سەربازێکی زۆر هاتۆتە قەسرێ، بەیانی هێرش دەکەین، بۆیە هێزی پێشمەرگە لە ئامادەکاریدا بوو(ئەحمەد، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن).

لەو شەڕەدا سوپای عیراق لە دوو قۆڵەوە هێرشی بۆ سەر دۆڵی باڵەییان دەستپێکرد، قۆڵی یەکەمیان زنجیرە چیای شێخ ناصر بوو لەگەڵ چیای کۆخە، قۆڵی دووەمیان لە کەڵەکی باڵەییان، لەقۆڵی یەکەمدا هێزێکی زۆر لەقەسرێوە جوڵەی پێکرا بەرەو چیای کۆخ و زنجیرەی چیای شێخ ناصر کە مەفرەزەکانی کوێلێ و بوران و سەرکان و وەڵزێ و مەفرەزەکانی تری باڵەکایەتی لەژێر فەرماندەیی مەحمود سەیدە و مستەفای حاجی کوێخا و حسن بۆڵییەوە بەرگرییان تێدا دەکرد، وێڕای بەرگرییەکی زۆر، لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکانی عیراق توانییان بگەنە سەر شاخی قیتەکە لە بەری چیای کۆخە و ئەوێیان کۆنترۆڵ کرد، پاشان گەییشتنە دامێنی چیای شێخ ناصر و گابیرێز و لەوێ پیشمەرگە لەژێر نمەبارانی سەرەتای بەهار کەوتنەشەڕ(ئەحمەد، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن)، لەوکاتەدا علی کۆ و مەحمود سەیدە و مستەفای حاجی کوێخا و حسن بۆڵی لەگوندی کوێلێ لەکۆبوونەوەدا بوون، ڕسول حاجی کوێخا و مەفرەزەکەی لەبنەڵەوە سەرکەوتن بەرەو گابیرێز و لەوێ کەوتنە شەڕ، خدر حەمەد ئەمین رسول یەکێک لەبەشداربوانی شەڕ دەڵێت:'' دوای ئەوەی گەییشتینە گابیرێز کەوتینە ناو شەڕێکی سەخت، پێشمەرگە وەکو پێویست لەوێ نەمابوون، تەقەمەنیشمان پێ نەمابوو، شەهید برایمان نارد بۆ بوران، بەڵام کە گەییشتبووە ئەوێ پێیان گوتبووکەس لێرە نەماوە تەقەمەنی چی، ئێوەش بڕۆن و شوێنەکە چۆڵ بکەن، شەهید برایم گەییشتەوە لای ئێمە و گوتی کەسی لێ نەماوە، ئێمەش ئەوێمان بەجێهێشت، لەبڕی ئەوە رسول حاجی کویخا بڕیاریدا بچینە شێخ ناصر لەوێ بەرگری بکەین، گەییشتینە نزیک شێخ ناصر سوپای عیراق شێخ ناصری کۆنترۆڵ کرد، ئێمە ناچار بووین بەیەکجاری ئەوێ بەجێ بهێڵین''(فەقێ ڕەسول، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن )، هەر لەوبارەیەوە سەلمان مەحمود دەڵێت:'' ئێمە مەفرەزەی ئەحمەد مەولود بەرەبەیانی زوو لەسەرکانەوە گەییشتینە نزیک گابیرێز و لەوێ گەییشتینە رسول حاجی کوێخا و مەفرەزەیەک، گوتی کەسی لێنەماوە، ئێمە هێزەکانی عیراقمان بڕ کردبوو، بەڵام سوپا کۆنترۆڵی سەروو ئێمەی کردبوو(ڕەسول، ٢٠٢٤، چاوپێکەوتن)، هاوکات لەشێخ ناصر لە حەوشەی وێزە دەرزێ مەفرەزەکی تێکەڵ لە خەڵکی بوران و سۆرەبان و وەڵزێ بەرگرییان تێدا دەکرد، دوای شەڕێکی چەند کاتژمێری ئەوێش چۆڵ کرا(ئەحمەد، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن)، سەبارەت بە قۆڵی دووەمیان کە کەڵەکی باڵەییان بوو، لەو قۆڵەدا مەفرەزەکانی ناوچەکە بەو شێوەیە شوێنەکانیان بۆ دیاری کرابوو:

١-کەڵەکی باڵەییان بۆ مەفرەزەی خەزینێ و چۆمە و زەنگەڵێن.

٢-گردان و سێکانیان بۆ مەفرەزەی ماونان، بۆ ئەوەی کۆپتەر نەتوانێت سەرباز دابەزێنێت،

٣-باسکی باڵەییان بۆ مەفرەزەی ڕەزوێکە و قەڵاتێ(ئەحمەد شەنگە، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

دوای دابەشکردنی سەنگەرە و ئەرکەکان، لە شەوی ٢٨-٣-١٩٧٧ هێزێکی زۆر لەدیلمان و خانەقاوە جوڵەی پێکرا بەئاراستەی کەڵەک کە مەفرەزەکانی خەزێنێ ماونان و ئێندزێ لەژێر سەرپەرشتی قادر خەبات و جەوهەر ئاغای ئێندزێ بەرگریان تێدا دەکرد، لەسەرەتای شەڕدا لەقۆپی کەڵەک شەڕ دەستی پێکرد(مەحمود، ٢٠٢٤، چاوپێکەوتن)، لەباسکی باڵەییان کەپێشتر بۆ گوندەکانی قەڵات و ڕەزوێکە دیاری کرابوو، پێشمەرگە دوو دوو لەدامێنی باسکی باڵەییانەوە تاوەکو لوتکەی باسک دابەش کرابوون، برایمی نەبی فەرماندەی مەفرەزەی قەڵات و ڕەزوێکە لەوبارەیەوە دەڵێت:'' شەوی ٢٨ی مانگ شێخە بنزێری هەواڵی بۆ ناردین کە سوپای عیراق پەلاماری ناوچەکە دەدات، بۆیە زۆر وریا بن، منیش پێم گوت لەخواردن و تەقەمەنی پەکمان مەخەن خەمی شەڕتان نەبی، یەک کاتژمێر و نیو شەو مابوو شەڕ دەستی پێکرد، لەلای ئێمە سەرباز و پێشمەرگە زۆر لەیەکتری نزیک ببوون، تۆپبارانی پیشمەرگەی هەراسان کردبوو، کە عدد جیهازاین کوژرا، تۆپەکان بەر خۆیان دەکەوتنەوە(برایمی نەبی، ٢٠٢٤، چاوپێکەوتن)، لەلای کەڵەکیش شەڕ دەستی پێکرد، لەهەردوو بەرەی شەڕدا هێزی هێرش بەر گەمارۆ درا، لەبەر ئەوەی مەفرەزەی قەڵات و ڕەزوێکە هێڵی پشتەوەی ئەو هێزەیان گرتبوو کە هێرشیان دەبردە سەر قۆپی کەڵەک(خدری نەبی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، لەگەرمەی شەڕدا چەند پیشمەرگەیەک لە مەفرەزەی ماونان کە لەگردان دانرابوون گەییشتنە مەیدانی شەڕ و بووە شەڕێکی سەخت(ئەحمەد شەنگە، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، ئەحمەد ڕەشۆ یەکێک لە بەشداربوانی شەڕ دەڵێت:'' ئێمە لە گردان دامەزرابووین بۆ ئەوەی ڕێگا نەدەی کۆپتەر سەرباز دابەزێنێت، شەو خەبەریان دامێ کە بەخۆم و دوو پیشمەرگەوە بێمە ماونان بۆ ئەوەی بەشدار بین لەو هێزەی کە ئامادە دەکرێت بۆ گرتنەوەی شاخی کۆخە، گەییشتمە گوند و بووە تۆپباران، ناچار گەڕاینەوە شوێنی خۆمان لە گردان، دوای کەمێک پشودان لەکەڵەک بووە تەقە، بۆیە لەگەڵ ٥ پێشمەرگە گەییشتینە مەیدانی شەڕ''(ئەحمەد ڕەشۆ، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، شەڕێکی سەخت بوو بەشێوەیەک پیشمەرگە جگە لە بەکارهێنانی چەک، بەردێکی گەورەیان خلۆر کردەوە کە ترس و سامێکی زۆری بۆ هێزی هێرشبەر دروست کرد بوو(هێدی، ١٩٨٣، ٢٧، ٢٨)، هەروەها پێشمەرگە بەورەیەکی بەرزەوە شەڕی دەکرد، بەشێوەیەک مەتارێزی شێخ ئۆمەر و تقدم ی ئەفسەرانی سوپا تێکەڵ ببوو(ئەحمەد شەنگە، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، هاوکات مەفرەزەکانی قەڵات و ڕەزوێکە بەشێوەیەک هاتبوونە ناو قوڵایی شەڕ لەگەڵ سەربازەکان تێکەڵ ببوون پێشمەرگەکانی کەڵەک وایان دەزانی جاشن، لەوێشەوە تەقەیان لێدەکردن(ئەحمەد ڕەشۆ، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، لەو قوڵەدا هێزەکانی عیراق زیانێکی زۆریان بەرکەوت کەخۆی لەکوژرانی ١٥٠ ئەفسەر و سەرباز دەدا، لەگەڵ برینداربوونی ١٠٠ ئەفسەر و سەربازی تر، ٢ کۆپتەریش لە گوندی ئێنێ کەوتنە خوارەوە(ئەسەسەرد، ٢٠١٣، ٨١، ٨٢)، بەڵام لەگۆڤاری پێشمەرگەدا زیانەکان زۆر زیاتر بوونە کە بە ٧٠٠ کوژراو و ٣٠٠ بریندار مەزەندە کراوە(هێدی، ١٩٨٣، ٣٠)، لەکاتێکدا زیانی پ.م. تەنها کوژرانی دوو پێشمەرگە بوو بەناوەکانی خدری سۆفی مەلا و عەبدوڵا عەریف لەگەڵ بریندار بوونی دوو پێشمەرگە بەناوەکانی برایم حەمەد حوسێن و شێخ ئۆمەر(سەراوی، ٢٠٢٤، ٦٠٣ ؛ هێدی، ١٩٨٣، ٢٧-٣٠)، ئەوەی یەکەمیان فیشەک بەر چاوێکی کەوتبوو، چارەسەرکردنی لەناوەوەی کوردستان ئەستەم بوو، بۆیە ناردرا بۆ سوریا و لەوێ لەلایەن نوێنەرانی ی.ن.ک لەنەخۆشخانەکانی ئەو وڵاتە چارەسەری پێویستی بۆ کرا و گەڕێنرایەوە کوردستان و گەییشتەوە ناوچەکە، بەڵام چاوێکی لەدەست دا(سلێمان خەبات، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

سەرەنجام دوای بەرگرییەکی زۆر، بەهۆی بەراوردی هێز و نەمانی تەقەمەنی هێزی پێشمەرگە شکستی هێنا و ناچار بە پاشەکشێ کرا، لەناوچەکانی تریش بەهەمان شێوە پیشمەرگە تووشی شکست بووەوە و لەناوچەکانی خۆیان پاشەکشێیان کرد(حاجی مەحمود، ١٩٩٢، ١٨ ؛ کاولانی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، چونکە بەبڕوای سەرانی شۆڕش لەوکاتەدا شەڕی بەرەیی لەناوچەکانی بناری قەندیل وەکو (پشتئاشان، قرناقەو، ئاشقوڵکە، سورەدێ، دۆڵی باڵەییان) ئەوەندە گرنگ نەبوو، بەڵکو بەردەوامی شۆڕش و درێژەپێدانی گرنگتر بوو(ڕێباز، ٢٠٠٨، ٨٥)، لەناوچەی باڵەییان سەرەتای پاشەکشێ بەرەو زەنگەڵێن بوو، لەوێ بڕیار درا هێزێک بنێرن بۆ کەڵەکی باڵەییان بۆ پشتیوانی ئەو هێزەی لەوێ لەشەڕدا بوون، بەڵام لەگوندی قەڵاتێ گەییشتنە ئەو هێزەی کە لەکەڵەکی باڵەییان پاشەکشێی کردبوو، بۆیە هەردوو هێزەکە چوونە زەنگەڵێن(حوسێن، ٢٠٢٤،



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١٠

چاوپێکەوتن)، لەزەنگەڵـین ئەو هـێزە بـوو بەدوو بەش، بەشـێکیان لەگەڵ مەحـمـود سـەیدە بەرێکەوتـن و گەییشـتنە قرناقە و پشـت ئاشان، دوای چەند کاتژمێرێک بەشی دووەمی هێزەکە گەییشـتە هەمان شـوێن و هەمـوو هـێزەکە لەوێ یەکـیانگرتەوە، بەشـێکی هێزەکە بەرێکەوتـن بەرەو قەڵاتۆکان، بەڵام لەسـەری سـاوێنی کەوتنە بەر پەلاماری هێزەکانی عیراق و دوو پێشمەرگە کوژران، دواتر گەڕانەوە بۆ لای قرناقەو و پشتئاشان، پاشـان هەمـوو هـێزەکە هەریەکە و بەشـوێنێکدا کەوتە رێ بەرەو قەنـدیل و لەوێشـەوە بەرەو شـێخ ئایش(ئەحمەد رەشۆ، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، بەڵام لەرێگا بەهۆی سەختی رێگا و بارانی بەفر و هاتنی کرێوە بەشێکی هێزەکە کە خەڵکی باڵەکایەتی بوون گەڕانەوە باڵەییان و هەندێک خواردەمەنییان لەگەڵ خۆیان برد و رۆژی دواتر کەوتنە رێ بەرەو دۆڵۆنێ(رەسول، ٢٠٢٤، چاوپێکەوتن).

لەرێڕۆییشتنی قەندیلدا ٤ پێشمەرگە لەسەرما رەق بوونەوە بەو ناوانە (حسن کویخا رسول ئێندزەیی، حسێن حاجی ئەحمەد سارتکی، ئەحمەد عەبدوڵڵا برەدێی، موخلیس جەلیل عەفور لێوژەیی)(سەراوی، ٢٠٢٤، ٦٠٦)، ئەوانی تر کە گەییشتنە شێخ ئایش زۆر ماند و برسی بوون، برسێتی هێزی لێ بڕیبوون، ناچار بوون گیای ئالۆ بکوڵێنن و بیخۆن، دوای نزیکەی ٢٠ شەو مانەوە هێزەکانی باڵەک گەییشتنەوە سەرشێخان و لەوێ بارەگامان دانا (ئەحمەد رەشۆ، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

لەمـاوەی پاشەکشـێی پێشـمەرگە بەرەو قرنـاقەو و پشتئاشـان و شـێنێ و زێـوکە و ناوچەکـانی تـر تـاوەکو گەڕانەوەیان، هێزەکانی عیراق هاتنە ناو گوندەکانی دەڤەری باڵەکایەتی و دۆڵی باڵەییان و خەڵکێکی زۆریان لەژن و پیاو دەستگیر کرد و بردنیان بۆ قەسرێ، یەکێک لەدەستگیرکراوەکان مستەفا عەلی بوورەیی بوو کە ئازاد نەکرا و بەتۆمەتی بەشدار بوونی لەشەڕەکان حوکم درا تاوەکو لەساڵی ١٩٧٩ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا(مەلا باس، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، هەروەهـا دەیـان ژن لەنـاوچە جیاجیاکانی دەڤەری باڵەکایەتی بەتـۆمەتی ئەوەی هاوسەرەکانیان پێشمەرگەن، بەر ئەو لێشاوی دەستگیرکردنە کەوتن و لەبارودۆخێکی زۆر سەختدا بەرێکران بەرەو خوارووی عیراق(عیسا، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

ئەو ماوەیەی مەفرەزەی پێشمەرگە لەناوچەکە بوون دەستیان کردەوە بەجموجوڵی چەکداری و هەڵگرتنەوەی مـین و دانانەوەیـان لەسـەر رێگـای هـاتوچۆی سـوپا لە زینـوی بانەمشـک و سـاوێن و مـامەڕوت وکەڵەکی باڵەییان(سەراوی، ٢٠٢٤، ٦٠٦، ٦٠٧ )، یەکێک لەو چالاکیەکانە لە رێکەوتی ٢-٤-١٩٧٧ بوو ، ئەو چالاکیە گوللەبارانکردنی بنکەیەکی سەربازی بـوو لە پردی زەرد کە کەوتبـووە سـەر رێگـای هـاملتۆن، دواتر لە ١٥-٤-١٩٧٧ مەفرەزەیەک پێشمەرگە لەنێوان دەربەند- حاجی ئۆمەران هێرشیان کردە سەر ئیڤایەکی سەربازی و ٥ سەرباز کوژران، یەکێک لە سەربازەکان سوپاسنامەیەکی سەرۆکی ئەوسای عیراقی لەگیرفاندا بوو(فعاليات وحدات الانصار الوطنية التابعة للثورة الديمقراطية العراقية المندلعة في الجبال كردستان، ١)، هەر لەدرێژەی چالاکیەکانی پێشمەرگەدا مەفرەزەیەک پێشمەرگەی هەرێمی ٧ی باڵەک لەرێکەوتی ٢٥-٥-١٩٧٧ بۆسەیەکیان لەسەر رێگای نێوان چۆمان- گەڵاڵە دانا، لەئەنجامدا هێزێکی سەربازی کەوتە ناو بۆسەکەوە بەهۆیەوە ٩ سەرباز کوژران و بریندار بوون، هەروەها لە ٣٠-٥-١٩٧٧ مەفرەزەیەک پێشمەرگە لەنزیک گەڵاڵە هێرشیان کردە سەر ئیڤایەکی سەربازی بەهۆیەوە ٦ سەرباز کوژران لەگەڵ تێکشکاندنی ئیڤایەکە، دەستکەوتی پێشمەرگە ٣ کلاشینکۆف بوو(سەراوی، ٢٠٢٤، ٦٠٧، ٦٠٨).

بەهۆی جموجوڵ و چالاکی پێشمەرگە، حکومەت رێوشوێنی پێویستی گرتە بەر، لەو چوارچێوەیەدا هێزەکانی عیراق شەوانە لەسەر رێگا و پرد و کوچە وکۆڵانەکانی چۆمان و قەسرێ بڵاو دەبوونەوە، بەهۆیەوە پێشمەرگە بەزەحمەت دەیتوانی هاتوچۆ بکات، بۆ نموونە لەشەوێکی ساڵی ١٩٧٧ پۆلێک پێشمەرگە لەسەرشێخانی دۆڵی باڵەییان جوڵەیان پێکرا بەرەو سیدەکان، بەڵام لەپردی ناوەندێ کەوتنە نێو بۆسەی هێزەکانی عیراق و چوار پێشمەرگە کوژران کەبریتی بوون لە(حەمید باتاسی، کەمال خۆشکانی، علی مجید کەرکوکی، ئەحمە حەمەد زورکانی)، بەڵام هێزەکە لەجوڵە نەوەستا تاوەکو گەییشتە دەڤەری برادۆست(حەمەد، ٢٠٢٤، چاوپێکەوتن)، لەتۆڵەی کوژرانی ئەو ٤ پیشمەرگەیە دەستەیەک پیشمەرگە هێرشیان کردە سەر کەرتێکی سوپای عیراق لەناوچەی گەڵاڵە لەئەنجامدا ٤ سەرباز کوژران و ٣ سەربازی تر بریندار بوون، دەستکەوتی پیشمەرگە ٤ کلاشینکۆف بوو(هەواڵنامەی کوردستانی عیراق، ژمارە(١)، ٤٠ ؛ ئەسەسەرد، ٢٠٢١، ٧٠٩)، لەمانگی ٦ ی

ساڵی ١٩٧٧ چالاکیەکانی پێشمەرگە و شەڕی پارتیزانی لەدەڤەری باڵەکایەتی درێژەیان هەبوو، ئەوە بوو لە ڕێکەوتی ١٠-٦-١٩٧٧ هێزێکی سوپای عیراق لە گوندی بەرزێوە لەسەر ڕێگای هاملتۆن کەوتنە ناو بۆسەیەکی پێشمەرگە و ٨ سەرباز کوژران، دوو ڕۆژ دواتر مەفرەزەیەک پێشمەرگە لە نیوان حاجی ئۆمەران و زینوێ لەهێزێکی سوپای عیراقیان دا بەهۆیەوە ٦ سەرباز کوژران و ٢ سەربازی تر بریندار بوون، دوو ڕۆژ دواتر دەستەیەک پێشمەرگە پەلاماری بنکەیەکی سەربازییان لە گردمەیدانی نزیک چۆماندا کەسەر بە لیوای ٩١ی پیادە بوو، لەئەنجامدا ١٠ سەرباز کوژران(سەراوی، ٢٠٢٤، ٦٠٨، ٦٠٩)، بەهۆی ئەو زیابوونی چالاکیەکانی پێشمەرگە لە دەڤەری باڵەکایەتی، حکومەتی عیراق بەردەوام بنکە سەربازیەکانی لەوناوچەکە زیاد دەکرد، یەکێک لەو بنکە سەربازیانە فەوجی ئۆمەراوە بوو، کە لەڕێکەوتی ٤-٧-١٩٧٧ لە سەر ڕێگای هاملتۆن جێگیر کرا، ڕۆژی دواتر مەفرەزەیەک پێشمەرگە فەوجەکەیان گوللە باران کرد و دواتر پاشەکشێیان کرد، لەئەنجامی ئەو چالاکیەدا نزیکەی ٥٠ سەرباز کوژران و بریندار بوو، دواتر لەڕێکەوتی ١٠-٧-١٩٧٧ لەیەک کاتدا هەردوو بنکەی سەربازی قەسرێ و بندابیزانیان گوللە باران کرد(سەراوی، ٢٠٢٤، ٦٠٩).

کردە سەربازی و چالاکیەکانی پێشمەرگە لەدەڤەری باڵەکایەتی هێزەکانی عیراق ترساندبوو، بۆیە حکومەت کەوتە ڕاگواستنی گوندەکانی دۆڵی باڵەییان و دەورووبەری چۆمان، ئەمەش کاریگەری لەسەر جوڵە و پاشەکشێی پێشمەرگە کردبوو، پێشمەرگە درەنگتر هەواڵی جوڵەی سوپای عیراقی لەناوچەکە پێدەگەییشت، یاخود کاریگەری لەسەر ژیانی پێشمەرگە دروست کردبوو(ئەحمەد ڕەشۆ، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، کاریگەرییەکی تری ڕاگواستن بێبەش کردنی خەڵکی گوندەکان بوو لەسەر زەوی و زاری خۆیان، هاوکات ڕاگواستن زیانێکی زۆری بۆ سەر کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دروست کرد، چونکە ئەو ناوچانە زۆر لەبار بوون بۆ ئەو دوو لایەنە، بەتایبەت کەرتی کشتوکاڵ وەکو(توتن، میوەجات، دانەوێڵە)، هاوکات خەڵکی ڕاگوێزراو کە زۆربەیان جوتیار بوون، تووشی بێکاری بوون، هەروەها بەهۆی نەبوونی داو و دەرمان، چەندین نەخۆشی لەنایاندا بڵاو بووەوە(برتو، ٢٠٠٩، ٣٠، ٣١)، وێڕای ڕاگواستنی ناوچەکە، هێشتا پێشمەرگە توانای هێرش و بەرگری هەبوو، لەو ماوانەدا چەندین کۆپتەر گەییشتنە سەر ئاسمانی ناوچەکە و هەندێکیان زۆر بەنزمی دەهاتن ئێمەش تەقەمان لێکردن و کۆپتەرێک پێکرا و لەگۆمێ کرمەسۆران کەوتە خوارەوە(مام جەلال خزینەیی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

دوای ڕاگواستنی ناوچکە باردوخ زۆر ئاڵۆز بوو، لەگەڵ ئەوەشدا جموجوڵی پێشمەرگە لەدەڤەری باڵەکایەتی بەردەوام بوو، لەو چوارچێوەیەدا مەفرەزەیەک پێشمەرگە لەڕێکەوتی ٢٧-٨-١٩٧٧ بەفەرماندەیی مەحمود سەیدە گەییشتنە نزیک گوندی شیوەڵۆک، لەوێ هێزێکی سوپای عیراق هێرشیان کردنە سەر و مەحمود سەیدە کوژرا، ڕۆژی دواتر ئەو مەفرەزەیە بەنیازی چونیان بەرەو دۆڵەێ گەییشتنە وێزێ، جارێکی تر لەوێ کەوتنە بەر پەلاماری هێزێکی تری سوپای عیراق، دوای شڕێکی چەند کاتژمێری، پێشمەرگەکان توانییان خۆیان دەرباز بکەن(پیرۆت، ٢٠٢٤، چاوپێکەوتن)، دواتر گەییشتنە دیوی ئێران و لەوێ پیشمەرگەکانی ی.ن.ک و قیادە موەقەتە بەیەکەوە بوون لەناویاندا عەلی کوردە و جەوهەر ئاغای لێوژێ(حەمە بورەیی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

دوای ئەو ڕوداوە پێشمەرگەکانی گەڵاڵە لەهاوینی ساڵی ١٩٧٧ لەڕوباری بەری سولی خوار ماوەتان دوو سەربازیان کوشت و دوو کلاشینکۆفیان دەستکەوت بوو، دوای ئەو چالاکیە کۆپتەر هاتە سەر ئاسمانی ناوچەکە و لەلایەن پیشمەرگەوە تەقەی لێکرا و لەگەڵاڵە ناچار بە نیشتنەوە کرا، بەهۆیەوە سەربازێک بریندار بووکە عدد دۆشکەی ناو کۆپتەر بوو(سەراوی، ٢٠٢٤، ٦١٢، ٦١٣)، دوای ئەو ڕوداوە کۆمەڵێک پێشمەرگەی کەرتی ٥ی گەڵاڵە ناوچەکەیان بەجێهێشت و پەیوەندییان بە (س. ک) یەوە کرد لە ناوچەی ماسی ڕۆ، دوای چەند مانگێک مانەوە، گەڕانەوە ناو ی.ن.ک(محەمەد، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)، دواتر پێشمەرگە لەگەڕان و چاودێریکردنی ناوچەکە بەردەوام بوو، کۆپتەریش بەبەردەوامی لەسەر ئاسمانی ناوچەکە دەسوڕایەوە، تاوەکو لە ڕێکەوتی ١-٩-١٩٧٧ لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە لەسەر چیای هەڵگورد پێکرا و کەوتە خوارەوە بەهۆیەوە ئەفسەرێک و ٥ سەرباز کوژران(سەراوی، ٢٠٢٤، ٦٠٩). بە وردبوونەوە لەسەر بارودۆخی دەڤەری باڵەکایەتی و ئەو ڕوداوانەی تیایدا ڕویان داوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە خەڵکی باڵەکایەتی توانیویانە

وێڕای ئەو هێرشانەی دەیانکردە سەر ناوچەکە، لەگەڵ ئەوەشدا نەیان توانی بڵێسەی ئەو شۆڕشە نوێیە خامۆش بکەن، ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ وورەی بەرزی پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکە، چونکە وێڕای فشاری هێرش لەسەر پیشمەرگە، ڕاگواستنیش نەیتوانی چۆک بە خەڵکی ناوچەکە دابنێت، بۆیە چەند مانگێک دوای ڕاگواستن، سەدان کەس خۆیان گەیاندەوە بناری قەندیل و دەستیان دایەوە چەک.

## دەرەنجامەکانی توێژینەوە

هەموو توێژینەوەیەک دەرەنجامی خۆی هەیە، منیش لەو توێژینەوەیەدا گەییشتمە کۆمەڵێک دەرەنجام، لەگرنگترینیان:

١-یەکێک لە دەرەنجامەکانی ئەو توێژینەوەیە گەییشتن بوو بەو ڕاستییەی کە مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەڤەری باڵەکایەتی بوونەتە کۆڵەکە بۆ شۆڕشی نوێ و پاراستن و بەرگریکردن لە دەستکەوتەکانی شۆڕش.

٢-دەرەنجامێکی تر گەییشتن بوو بەو راستیەی کە ئەو مەفرەزە سەرەتاییانە لەکوێ و سەربە کام حزب بوونە، یاخود چۆن سەریانهەڵداوە، بەتایبەت مەفرەزەی حاجی ئۆمەران کە مقۆمقۆیەکی زۆری لەسەر کراوە.

٣- یەکێکی تر لەدەرەنجامەکان دەرکەوتنی شۆڕشگێڕی و دڵسۆزی خەڵکی دەڤەری باڵەکایەتی بوو کە شان بەشانی هێزی پێشمەرگە دەجەنگان، نەک هەر ئەمە بەڵکو هەولیان دەدا ئەو تەقەمەنیانەی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لەکۆگاکانی چەک دەستیان کەوتبوو ببەخشن بە پیشمەرگە بۆ ئەوەی لەڕووبەڕوو بوونەوەی هێزەکانی عیراقدا بەکاری بهێنن.

٤-هەروەها دەرەنجامێکی تر دەرکەوتنی پێگەی باڵەکایەتی و دۆڵی باڵەییان بوو بۆ شۆڕشی نوێ، بەتایبەت دۆڵی باڵەییان، چونکە بەکۆمەڵێک زنجیرە شاخ دەوره درابوو، هاوکات زنجیرە شاخی شێخ ناصر وگاییرێز لەلای باکوور وکەلەکی باڵەییان لەلای باشوور بوونە لەمپەر بۆ دۆڵی باڵەییان و قەندیل کە لەوێوە سەرکردایەتی مەفرەزە سەرەتاییەکانی ناوچەکە دەکرا، هەر لە قەندیلەوە تاوەکو هەولێر.

٥-یەکێکی تر لەدەرەنجامەکان گەیشتن بە ڕۆڵی ڕێکخستنی سەرجەم پارتەکان، چونکە بەبێ ڕیکخستنی ناو شارەکان ئەستەم بوو شۆڕش بەردەوام بێت، یاخود لەسەر پێی خۆی بووەستێت.


## لیستی سەرچاوە

### أ-کتێبەکان

### ١-کتێب بەزمانی کوردی

١- ئارام حاجی، بارزانی و لەناوبردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ کتێبی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەنووسینی مەسعود بارزانی بەرگی چوارەم(١٩٧٥-١٩٩٠)، چاپخانەی ئازادیخواهان، ب.ش.چ، ٢٠٢٣.

٢- ئازاد سەراوی، تۆماری سەروەری، بەرگی یەکەم(مەفرەزەی سەرەتایی-هەرێمەکان ١٩٧٦-١٩٨٢)، چاپخانەی حەمدی، ٢٠٢٤.

٣- ئازاد سەراوی، خاکپۆشان، چاپخانەی کارۆ، ب١، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٨٢.

٤- ئەمیرە محەمەد، گزنگی شۆڕشی نوێ(تفەنقە بێدەوڵەتەکان لەداوی نێودەوڵەتیدا)، چاپخانەی حەمدی، ب٢، سلێمانی، ٢٠٢٥.

٥-ئیبراهیم جەلال، عەشق و خەبات و ئازادی(بیرەوەریەکان)، چاپخانەی تاران، ٢٠٢١.

٦- ئیسماعیل گوندەژۆری، شۆڕشی ئەیلول لەباڵەکایەتی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨.

٧- بڵند شالی، کاروانی ٣٨ شۆڕشگێڕەکە سەرهەڵدانی شۆڕش لەژێلەمۆی شۆڕشەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١.

٨- جەلال تاڵەبانی، الاتحاد الوطني الكردستاني لماذا، وەرگێڕانی: شاسوار جەلال(شەهید ئارام)، چاپخانەی پیرەمێرد، ٢٠٢٥.

٩-جەمال فەتحوڵڵا تەیب، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەباشوری کوردستان (٢١-٣-١٩٧٥—٢٨-١١-١٩٨٠)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.
١٠- جەمال لالۆ، لوتکەی کەمال(وێنە و یادگاریەکانی شەهیدی فەرماندە کەمال حاجی ئاغا)، چاپخانەی شڤان، ٢٠١٦.
١١- حیکمەت محەمەد کەریم(مەلا بەختیار)، شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەم(خەباتی شاخەکان، یان ڕاپەڕینی شارەکان)، چاپخانەی دلێر، چ٤، ب.ش.چ، ٢٠١٥.
١٢- حەیدەر مەنتک، ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی (ی.ن.ک) لەهەولێر، ب١، ٢٠١٨.
١٣- خۆشەوی عەلی باپیر کانیەلەنجی، ئاوارەیی و ژیانی کولەمەرگی کورد لەهەندەراندا،هەولێر، ٢٠١١.
١٤-دیڤید رۆمانۆ، بزاڤی ناسیۆنالستی کوردی و دەرفەت-ڕێکخستن-ناسنامە، وەرگێڕانی: هۆمەر فەوزی، دەزگای چاپی جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠٢٠.
١٥- د. ڕێباز جەلال ئەحمەد نانەکەلی، ڕامان لەمێژووی سەت ساڵ ستەم لەگەلی کورد، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، ٢٠٢٥.
١٦- ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، چاپخانەی پەیوەند، چ٢، بەشی١+٢، سلێمانی، ٢٠٠٨.
١٧- ڕێبین سەعید مەلا حاجی، کاریگەری پەیوەندیەکانی عێراق-سوریا لەسەر دۆزی کورد لەباشووری ڕۆژئاوای کوردستان (١٩٥٨-١٩٩٢)، چاپخانەی دانیشفەر، هەولێر، ٢٠٢٥.
١٨- عبداللە ئاغای پشدەری، نسکۆی شۆڕشی ئەیلول.......
١٩- سەلاح ئەحمەد محەمەدەمین(سەلاح زانا)، ئامانج و دەرەنجام لەمێژووی بزاڤی نەتەوەیی کورددا، چاپخانەی پاندا، سلێمانی، ٢٠٢٤.
٢٠-فاتح ڕەسول، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لەکوردستان، چاپخانەی چوارچرا، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٢١- فەرید ئەسەسەرد، ئینسایکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان،ب٣، چ٤، ٢٠٢١.
٢٢-فەرید ئەسەسەرد، ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چ٢، ٢٠١٣.
٢٣- مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی، سەرەتای شۆڕشی نوێی ساڵی ١٩٧٦ چۆن دەستی پێکرد؟چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٢.
٢٤- محەمەد فاتیح، حزب و ڕێکخراوە سیاسیە عیراقیەکان ١٩١٠-٢٠١٠، لەچاپکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٢.
٢٥- مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد(شۆڕشی گوڵان)، ب٤، چاپخانەی ڕۆکسانا، ٢٠٢١.
٢٦- محەمەدی حاجی مەحمود، گۆڕینی شەڕ بەپیاچوونەوەی واقیعیانە، چ٣، سلێمانی، ١٩٩٢.
٢٧- نەجمەدین عەبدوڵا ئیسماعیل، هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٩، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦.
٢٨-نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕێ ناوزەنگ دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٧٥-١٩٧٨، ب.ش.چ، ١٩٩٧.
٢٩- هێمن مەهدی نەقشبەندی، ڕێکەوتننامەی جەزائیر... پابەندبوون بە ستەمکردن لەمیلەتێک، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی، هەولێر، ٢٠٢١.

**ب-کتێب بەزمانی عەرەبی**

٣٠-بشرى برتو، لكي لا ننسى القترة الاولى من حكم حزب البحث قي العراق ١٩٦٨-١٩٨١، دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية، ٢٠٠٩.
٣١-حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديمكراطي الكردستاني- العراق، ط١، مطبعة خبات، دهوك، ١٩٩٨.

٣٢-د. مكرم طالباني، مراحل تطور الحركة القومية الكردية، ج٢، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، سليمانية، ٢٠١٠.


**ج-كتێب بەزمانی ئینگلیزی**

33- Gunter, Michael, The Kurds of Iraq, St. Martins press, New York, 1992.


**دووەم- نامەی ماجستێر**

٣٤-توانا قادر أبوبكر، بەرەی کوردستانی ١٩٨٧-١٩٩٢، نامەی ماجستێر(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان- زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٧.


**سێیەم-ڕۆژامە و گۆڤار**

**١-ڕۆژنامە**

٣٥-کوردستانی نوێ، ژمارە(١٣١٥)، هەینی، ٢١-٦-١٩٩٦.

٣٦- کوردستانی نوێ، چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جلال، ژمارە (١٢٩٨)، ٢-٦-١٩٩٦.


**٢-گۆڤار**

٣٧- ئاشتی، داستانی وەڵزێ، گۆڤاری پێشکەوتن، ژمارە(١)، ١ی ئازاری ١٩٨٦.

٣٨-سەربەست سەرکەپی، دیمانەیەک لەگەڵ حەمەدەمین حەمەد حاجی ئۆمەرانی، چیاکانی باڵەکایەتی خۆیان گەواهیم بۆ دەدەن، گۆڤاری باڵەک، ژمارە(٦)، شوباتی ٢٠٠٩.

٣٩- د. فەرەیدون سالح، نەجمەدین بیوک کایا قەڵایەکی تری شۆڕشی نوێ، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژمارە(٢)، زستانی ٢٠٢٥.

٤٠-کەریم خان گوندەژۆری، گوندەژۆری باڵەکایەتی و داستانێک، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە(٢٥٩١)، ٢٦-٥-١٩٩٨.

٤١-کەریم خان گوندەژۆری، بەراوردی مێژووی پاکی باڵەکایەتی لەگەڵ دەستکەوتەکانی ئەمڕۆ، گۆڤاری باڵەک، ژمارە(٢)، حوزەیرانی ٢٠٠٨.

٤٢-گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە، ژمارە(١١٦)، ساڵی ٢٠١٠.

٤٣- مەحمود عوسمان، ئەزمونی ئێمە لەگەڵ ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق، گۆڤاری باسکار، ژمارە(٧)، ٢٠٠١.

٤٤- نەورەس ڕەشید، خوێندنەوەیەک بۆ حزب، گۆڤاری شڕۆڤە، ژمارە(٣)، بەهاری ٢٠٠٧.

٤٥- هێدی، داستانەکەی کەلەک، گۆڤاری پێشمەرگە، ژمارە(٣)، ئازاری ١٩٨٣.

٤٦- یونس ڕۆژبەیانی، سەرەتاکانی شەڕی پارتیزانی لەکوردستاندا، چاپخانەی خەبات، ١٩٨٦


**چوارەم-هەواڵنامە و بەلاغ**

٤٧- فعاليات وحدات الانصار الوطنية التابعة للثورة الديمقراطية العراقية المندلعة في الجبال كردستان.....

٤٨- الاتحاد الوطني الكردستاني- قسم الاعلام: تقرير حول الوضع العسكري.

٤٩- الاتحاد الوطني الكردستاني- قسم الاعلام: تقرير حول الوضع العسكري.

٥٠- الاتحاد الوطني الكردستاني- قسم الاعلام: تفرير حول الوضع العسكري.

٥١- هەواڵنامەی کوردستانی عیراق، ژمارەی (١)، ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦، ل٤٤.

٥٢-هەواڵنامەی کوردستانی عیراق، ژمارە(٣)، ١٨ی ئابی ١٩٧٦، ل٢٧.


**پێنجەم-چاوپێکەوتن**

٥٣-چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ خەجیج ئیبراهیم عیسا، گوندی ڕەژوکەرایان-خانەقا، ڕواندوز، ٢٠٢٥.

٥٤- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ جەهەنگیر کەمال شەریف، گوندی ڕێژدور- قەسرێ،٢٠٢٤.

٥٥ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد مەلا محەمەد(ئەحمەد مەلا ڕەش)، ڕانیە، ٢٠٢٥.
٥٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال عەوڵا حەمەد(مام جەلال خەزینەیی)، ڕانیە، ٢٠٢٥.
٥٧- چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمە برایم حەمەد(حەمەی بوران)، قەسرێ-چۆمان، ٢٠٢٥.
٥٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ پیرۆت نەبی پیرۆت، ڕانیە، ٣٠-٨-٢٠٢٤.
٥٩- چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمە برایم حەمەد(حەمە بورەیی)، قەسرێ-چۆمان،٢٠٢٥.
٦٠-چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد ڕەشۆ ئەحمەد(ئەحمەد ڕەشۆ)، شاوێس-هەولێر، ٢٩-٨-٢٠٢٥.
٦١- چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا مراد حەمەد، چوارقورنە، ٢٤-٨-٢٠٢٤.
٦٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد ڕەشۆ ئەحمەد ناسراو بە (ئەحمەد ڕەشۆ)، شاوێس-هەولێر، ٢٠٢٥.
٦٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد ڕەشۆ ئەحمەد ناسراو بە (ئەحمەد ڕەشۆ)، شاوێس-هەولێر،٢٠٢٥.
٦٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ زرار عەلی مەلا باس( زراری حاجی علی بوران)، قەسرێ-چۆمان، ٢٠٢٥.
٦٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ خالد ڕەژوکەری، گوندی ڕەژوکەریان-سۆران، ١٨-٦-٢٠٢٤.
٦٦-چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد ڕەشۆ ئەحمەد ناسراو بە (ئەحمەد ڕەشۆ)، شاوێس-هەولێر،٢٠٢٥.
٦٧- چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلمان مەحمەد ڕسول، پیرزین-هەولێر، ٢٠٢٤.
٦٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمە ڕەسول عەوڵا(حەمە ڕەسول کاولانی)، ڕانیە، ٢٠٢٥.
٦٩- چاوپێکەوتن لەگەڵ سلێمان حەمە مینە(سلێمان خەبات)، ڕانیە، ٢٠٢٥.
٧٠- چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەد عەوڵا حەمەد مەحمود ناسراو بە (ئەحمەد شەنگە)، ڕانیە، ٢٠٢٥.
٧١- چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد ڕەشۆ ئەحمەد ناسراو بە (ئەحمەد ڕەشۆ)، شاوێس-هەولێر، ٢٠٢٥.
٧٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەد عەوڵا حەمەد مەحمود ناسراو بە (ئەحمەد شەنگە)، ڕانیە،٢٠٢٥.
٧٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕسوڵ خدر محەمەد، ڕانیە، ٢٣-٨-٢٠٢٤.
٧٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ برایم نەبی مەحمود(برایمی نەبی)، قەسرێ-چۆمان، ٢٠٢٤.
٧٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ خدر نەبی مەحمود(خدری نەبی قەڵاتێ)، قەسرێ- چۆمان، ٢٠٢٥.
٧٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەد عەوڵا حەمەد مەحمود ناسراو بە (ئەحمەد شەنگە)، ڕانیە،٢٠٢٥.
٧٧-چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد ڕەشۆ ئەحمەد ناسراو بە (ئەحمەد ڕەشۆ)، شاوێس-هەولێر،٢٠٢٥.
٧٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ علی حسێن ئەحمەد، قەسرێ-چۆمان،٢٠٢٢.
٧٩-چاوپێکەوتن لەگەڵ سەعید صالح ئەمین(شێخ سەعید)، ڕانیە، ٢٠٢٥.
٨٠- چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد ڕەشۆ ئەحمەد(ئەحمەد ڕەشۆ)، شاوێس-هەولێر، ٢٩٢٠٢٥.
٨١- چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمە ڕەسول عەوڵا(حەمە ڕەسول کاولانی)، ڕانیە، ٢٠٢٥.
٨٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ خدر حەمەدئەمین فەقێ ڕسول(خدر مینە)، قەسرێ-چۆمان، ٢٠٢٢.
٨٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمە ڕەسول عەوڵا(حەمە ڕەسول کاولانی)، ڕانیە، ٢٠٢٥.
٨٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ زرار ڕسول ئەحمەد، هەولێر-پیرزین،٢٠٢٢.
٨٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ علی حسێن ئەحمەد ناسراو بە ( حاجی علی سەرباریێ)، قەسرێ، ٣٠-٩-٢٠٢٢.
٨٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ خدر حەمەد ئەمین فەقێ ڕسول(خدر مینە)، قەسرێ، ٣٠-٩-٢٠٢٢.
٨٧- چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلمان مەحمەد ڕسول، پیرزین-هەولێر، ٢٤-٦-٢٠٢٤.
٨٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ علی حسێن ئەحمەد ناسراو بە ( حاجی علی سەرباریێ)، قەسرێ، ٢٠٢٢.
٨٩- چاوپێکەوتن لەگەڵ خالد حەمەد حوسێن، گوندی ڕەژوکەریان-سۆران، ١٨-٦-٢٠٢٤.
٩٠- چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ئەحمەد حەمە(عەبدوڵا قسەخۆش)، ڕانیە، ٢٢-٨-٢٠٢٤.
٩١- چاوپێکەوتن لەگەڵ خدر ئەحمەد ڕسول( خدر ڕەژوکەری)، ڕەژوکەریان-سۆران، ٢٠٢٤.
٩٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا ئەحمەد حەمە(عەبدوڵا قسەخۆش)، ڕانیە، ١٩-٨-٢٠٢٤.
٩٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ خالد حەمەد حوسێن، گوندی ڕەژوکەریان-سۆران، ١٨-٦-٢٠٢٤.
٩٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ خدر حەمەد ئەمین فەقێ ڕسول(خدر مینە)، قەسرێ-چۆمان، ٢٠٢٥.
٩٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ جەهەنگیر حاجی کەمال، ؛ شاخەوان عەباس، س.پ، ل٣٠.

٩٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ میرۆ عەبدولخالق یحیا (میرۆکادیر)، گوندی ڕوستێ، ١٩-٦-٢٠٢٤.
٩٧- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەبوبەکر رسول ئەحمەد میرە(حاجی وەڵزی)، وەڵزێ-قەسرێ، ٢٠٢٢.
٩٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ خالد حەمەد حوسێن، گوندی ڕەژوکەریان-سۆران، ١٨-٦-٢٠٢٤.
٩٩- چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمە برایم حەمەد(حەمە بورەیی)، قەسرێ-چۆمان، ٣-١-٢٠٢٥.
١٠٠- چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر رەسول حەمەد(قادر سێوەک)، شاوێس-هەولێر، ٢٠٢٥.
١٠١- چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەد عەولا حەمەد مەحمود(ئەحمەد شەنگە)، ڕانیە، ٢٦-٨-٢٠٢٥.
١٠٢- چاوپیکەوتن لەگەڵ حەمەد حاجی حاجی(حەمە وەرتی)، ڕانیە، ٣٠-٩-٢٠٢٥.
١٠٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەد مینە حەمەد، قەسرێ-چۆمان، ٢٠٢٥.
١٠٤-چاوپیکەوتن لەگەڵ حسێن برایم مستەفا (مام هێدی)، ڕانیە،
١٠٥- چاوپیکەوتن لەگەڵ خدر حەمەدئەمین فەقێ رسول، قەسرێ، ٣٠-٩-٢٠٢٢.
١٠٦- چاوپیکەوتن لەگەڵ حسێن برایم مستەفا (مام هێدی)، ڕانیە،
١٠٧- چاوپیکەوتن لەگەڵ مستەفا مراد حەمەد، چوارقوڕنە، ٢٤-٨-٢٠٢٤.
١٠٨- چاوپیکەوتن لەگەڵ خدر حەمەدئەمین فەقێ رسول(خدر مینە)، قەسرێ-چۆمان، ٢٠٢٢.
١٠٩-چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمە رەسول عەولا(حەمە رەسول کاولانی)، ڕانیە، ٢٠٢٥.
١١٠- چاوپێکەوتنی لەگەڵ علی حسین ئەحمەد(حاجی علی سەرباری)، قەسرێ، ٣٠-٩-٢٠٢٢.
١١١- چاوپێکەوتن لەگەڵ فاتیمە بایزید عەبدولرەحیم، چۆمان، ٢-١-٢٠٢٥.
١١٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەد حاجی حاجی ناسراو بە (حەمە وەرتی)، ڕانیە، ٣٠-٩-٢٠٢٥.
١١٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ برایمەسێن
١١٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ خدر حەمەد ئەمین فەقێ رسول(خدر مینە)، قەسرێ-چۆمان، ٢٠٢٢.
١١٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ برایم نەبی مەحمود، قەسرێ-چۆمان، ٥-٧-٢٠٢٤.
١١٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ خدر حەمەد ئەمین فەقێ رسول(خدر مینە)، قەسرێ-چۆمان، ٢٠٢٢.
١١٧- چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵلا سلێمان ئەحمەد(عەولا سێمان)، ڕانیە، ٧-٣-٢٠٢٥.
١١٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا ئەحمەد حەمەد(مەلا مستەفا سەکری)، ڕانیە، ٢٠٢٥.
١١٩- چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولڕەحمان گوێزلێنگەیی، گوندی گوێزلێنگە-سمیلان، ٢٠٢٥.
١١٢٠- چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر رەسول حەمەد(قادر سێوەک)، هەولێر-شاوێس، ٢٠٢٥.
١٢١- چاوپیکەوتن لەگەڵ زرار رسول ئەحمەد، پیرزین-هەولێر، ٣٠-٩-٢٠٢٢.
١٢٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا وەسمان قادر(مستەفا بۆڵی)، ڕانیە، ٢٠٢٥.
١٢٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا ئەحمەد حەمەد(مەلا مستەفا سەکری)، ڕانیە، ٢٠٢٥.
١٢٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال حوسێن تەها(کەمالی حاجی حوسێنی مەمیخەلان)، هەولێر، ٢٠٢٥.
١٢٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ مامەند ئیبراهیم خدر(مامەند مەمیخەلی)، چۆمان، ٢٠٢٥.

## List of sources

### A .The books

#### -1Books in Kurdish


-١Aram Haji ,Barzani and the Destruction of the Kurdish Liberation Movement A Critical Reading of Barzani and the Kurdish Liberation Movement by Massoud Barzani ,Volume 4 (1975-1990), Azadikhahan Printing House, BSH,

-٢Azad Sarawi, Tomari Sarwari, Volume 1 (Primary Detachment-Regions 1976-1982 ,(Hamdi Printing House,

-٣Azad Sarawi, Khakposhan, Karo Printing House, B1, Sulaimani, 2019, p.

-٤Amira Mohammed, The Sword of the New Revolution (Stateless Guns in the International Search), Hamdi Printing House, B2, Sulaimani,

-٥Ibrahim Jalal, Love, Struggle and Freedom (Memoirs), Tehran Printing House,

-٦Ismail Gundezhor, September Revolution in Balakayety, Rojhelat Printing House ,Erbil,

-٧Bland Shali, Karwani 38 Shorshgerka Sarheldani Shorsh La Zhilemoy Shorsh, Hamdi Printing House, Sulaimani,

-٨Jalal Talabani ,Kurdistan National Union for Why , translated by Shaswar Jalal (Martyr Aram), Piramird Printing House,

-٩Jamal Fathullah Tayeb ,Kurdish Liberation Movement in South Kurdistan (21-3-1975 — 28-11-1980 ,(Rojhelat Printing House, Erbil,

-١٠Jamal Lalo, Lutkay Kamal (Photos and Memories of Martyr Commander Kamal Haji Agha ,(Shvan Printing House,

-١١Hikmat Mohammed Karim (Mullah Bakhtiar), Kurdistan Revolution and Changes of the Times) Mountain Struggle, or Urban Uprising), Dilêr Printing House, Vol.

-١٢Haider Mantak, Encyclopedia of Martyrs (YNK) in Erbil, B1,

-١٣Khoshaw Ali Bapir Kanilanji, Displacement and Kurdish Death Abroad, Erbil,

-١٤David Romano, Kurdish Nationalist Movement and Opportunity-Organization-Identity, translated by Homer Fawzi, Jamal Irfan Publishing House, Sulaimani,

-١٥Dr. Rebaz Jalal Ahmad Nanakali, Reflection on the History of One Hundred Years of Oppression of the Kurdish People, Salahaddin University Printing House , Erbil,

-١٦Rebaz, Kandil shook Baghdad, Paywand Printing House, Vol. 2, Part 1+2 , Sulaimani,

-١٧Rebin Saeed Mullah Haji, The Impact of Iraq-Syria Relations on the Kurdish Cause in Southwest Kurdistan (1958-1992), Danishfar Printing House, Erbil,
-١٨Abdullah Agha Pishdari, the victim of the September Revolution.
-١٩Salah Ahmad Mohammed Amin (Salah Zana), Goals and Conclusions in the History of the Kurdish National Movement, Panda Printing House, Sulaimani,
-٢٠Fatih Rasul, The History of Left Ideas in Kurdistan, Chawarchra Printing House, Vol ,٢ .Sulaimani,
-٢١Farid Asasad, Encyclopedia of the Kurdistan National Union, B3, Ch4,
-٢٢Farid Asasad, Encyclopedia of the Kurdistan National Union, Vol.
-٢٣Mullah Shem Hamadi Haji Omerani, How did the beginning of the new revolution of 1976 begin? Salahaddin University Press, Erbil, 1992.
-٢٤Mohammed Fatih, Iraqi Political Parties and Organizations 1910-2010, Academy of Cadre Awareness and Training, Sulaimani,
-٢٥Massoud Barzani, Barzani and the Kurdish Liberation Movement (May Revolution), B4 ,Roxana Printing House,
-٢٦Mohammed Haji Mahmoud, Changing War by Realistic Review, Vol. 3, Sulaimani,
-٢٧Najmadin Abdullah Ismail, Erbil between 1970-1979, Rojhelat Printing House , Erbil,
.٢٨Nusrewan Mustafa Amin, From the Danube Bank to the Nawzang River, The Inner Side of the Events in Iraqi Kurdistan 1975-1978, 1997.
-٢٩Hemn Mahdi Naqshbandi, Algiers Agreement... Commitment to Oppression of a Nation, Publications of PKK Studies and Research Center and Academy, Erbil,

**B. Books in Arabic**

-٣٠Bushra Barto, Why didn't you take the first drop from the rule of the Iraqi Research Party 1968-1981, Dar Sardam Printing and Publishing House, Sulaimani,

-٣١Habib Mohammed Karim, History of Kurdistan Democratic Party-Iraq ,Vol. 1, Khabat Printing House, Duhok,
-٣٢Dr .Makram Talabani, Stages of Development of Kurdish National Movement, Vol. 2 ,Hamdi Publishing House, Sulaimani,

**C. Books in English**

33- Gunter, Michael, The Kurds of Iraq, St. Louis. Martins Press , New York , 1992

.**Second ,Master's Letter**

-٣٤Tawana Qadir Abubakr , Kurdistan Front 1987-1992 ,Master's thesis (unpublished), College of Humanities, Raperin University,

**Third, newspapers and magazines**

**-1Newspaper**

-٣٥Kurdistan New, No. (1315), Friday, 21-6-1

-٣٦Kurdistan New, Interview with Mam Jalal , No. 1298, 2-6-1

**-2Magazine**

-٣٧Ashti, Dastan Walze, Peshketn Magazine, No. 1, March 1,

-٣٨Sarbast Sarkeyi, Interview with Hamademin Hamad Haji Omerani, Balakaity Mountains Testify to Me , Balak Magazine, No. 6, February

-٣٩Dr. Faraidun Salih, Necmettin Büyük Kaya Another Fortress of the New Revolution, New Path Magazine, No. (2), Winter

-٤٠Karim Khan Gundazhor, Gundazhor of Balakaity and a story, newspaper of brotherhood, No. (2591), 26-5-1

-٤١Karim Khan Gundezhor, Comparison of the pure history of Balakaity with today's achievements, Balak Magazine, No. 2, June

-٤٢Peshmerga Leader Magazine, No. (116,(

.٤٣Mahmoud Osman, Our Experience with Successive Iraqi Regimes, Baskar Magazine, No. 7,

-٤٤Nawras Rashid, Reading for the Party, Shrova Magazine, No. 3, Spring

-٤٥Hedi, Dastankey Kalak, Peshmerga Magazine, No. 3, March

-٤٦Younis Rojbayani, Beginnings of Partisan War in Kurdistan, Khabat Printing House,

**Fourth, newsletters and bulletins**

-٤٧Activities of the units of the National Ansar of the Iraqi Democratic Revolution in the mountains of Kurdistan_.

-٤٨Kurdistan National Union - Information Department: Report on the military situation .

-٤٩Kurdistan National Union - Information Department: Report on the Military Situation.

-٥٠Kurdistan National Union - Information Department: Distribution around the military situation.

.٥١Iraqi Kurdistan Newspaper, No. 1, November 23, 1976, p.

.٥٢Iraqi Kurdistan Newspaper, No. 3, August 18, 1976, p.

**Fifth, the interview**

.٥٣Researcher's interview with Khajij Ibrahim Isa, Razhukarayan-Khanaqa village, Ruanduz,

-٥٤Researcher interview with Jahangir Kamal Sharif, Rezhdur village-Qasre,

٥٥Interview with Ahmad Mullah Mohammed (Ahmad Mullah Rash), Ranya,

-٥٦Interview with Jalal Awla Hamad (Mam Jalal Khazinayi), Ranya,

-٥٧Interview with Hama Braim Hamad (Hama Buran), Qasre-Choman,

-٥٨Interview with Pirot Nabi Pirot, Ranya, 30-8-2

-٥٩Interview with Hama Braim Hamad (Hama Buraei), Qasre-Choman,

-٦٠Interview with Mohammed Rasho Ahmad (Ahmad Rasho), Shawes-Erbil, 29-8-2

-٦١Interview with Mustafa Murad Hamad, Chawarqurna, 24-8-2

-٦٢Interview with Mohammed Rasho Ahmad, Shawes-Erbil,

-٦٣Interview with Mohammed Rasho Ahmad known as (Ahmad Rasho), Shawes-Erbil,

-٦٤Interview with Zrar Ali Mullah Bas (Zrar Haji Ali Buran), Qasre-Choman,

-٦٥Interview with Khalid Razhukari, Razhukarian village-Soran, 18-6-2

-٦٦Interview with Mohammed Rasho Ahmad known as (Ahmad Rasho), Shawes-Erbil,

-٦٧Interview with Salman Mahmoud Rasul, Pirzin-Erbil,

-٦٨Interview with Hama Rasul Awla (Hama Rasul Kawlani), Ranya,

-٦٩Interview with Sulaiman Hama Mina (Sulaiman Khabat), Ranya,

-٧٠Interview with Hamad Awla Hamad Mahmoud known as Ahmad Shanga, Ranya,

-٧١Interview with Mohammed Rasho Ahmad, Shawes-Erbil,

-٧٢Interview with Hamad Awla Hamad Mahmoud known as (Ahmad Shanga), Ranya,

-٧٣Interview with Rasul Khadr Mohammed, Ranya, 23-8-2

-٧٤Interview with Brahim Nabi Mahmoud, Qasre-Choman,

-٧٥Interview with Khadr Nabi Mahmoud (Khdr Nabi Qalate), Qasre-Choman,

-٧٦Interview with Hamad Awla Hamad Mahmoud known as (Ahmad Shanga), Ranya,

-٧٧Interview with Mohammed Rasho Ahmad known as (Ahmad Rasho), Shawes-Erbil,

-٧٨Interview with Ali Hussein Ahmad, Qasre-Choman,



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد١٠

-٧٩Interview with Saeed Saleh Amin (Sheikh Saeed), Ranya,
-٨٠Interview with Mohammed Rasho Ahmad (Ahmad Rasho), Shawes-Erbil,
-٨١Interview with Hama Rasul Awla (Hama Rasul Kawlani), Ranya,
-٨٢Interview with Khadr Hamad Amin Faqe Rasul (Khdr Mina), Qasre-Choman,
-٨٣Interview with Hama Rasul Awla (Hama Rasul Kawlani), Ranya,
-٨٤Interview with Zrar Rasul Ahmad, Erbil-Pirzin,
-٨٥Interview with Ali Hussein Ahmad known as (Haji Ali Sarbare), Qasre, 30-9-2
-٨٦Interview with Khadr Hamad Amin Faqe Rasul (Khder Mina) , Qasre, 30-9-2
-٨٧Interview with Salman Mahmoud Rasul, Pirzin-Erbil, 24-6-2
-٨٨Interview with Ali Hussein Ahmad known as Haji Ali Sarbare, Qasre,
-٨٩Interview with Khalid Hamad Hussein, Razhukarian village, Soran, 18-6-2
-٩٠Interview with Abdullah Ahmad Hama (Abdullah Qasakhosh), Ranya, 22-8-2
-٩١Interview with Khder Ahmad Rasul (Khder Razhukari), Razhukarian-Soran,
-٩٢Interview with Abdullah Ahmad Hama (Abdullah Qasakhosh), Ranya, 19-8-2
-٩٣Interview with Khalid Hamad Hussein, Razhukarian village, Soran, 18-6-2
-٩٤Interview with Khadr Hamad Amin Faqe Rasul (Khder Mina), Qasre-Choman,
-٩٥Interview with Jahangir Haji Kamal; Shakhawan Abbas, S.P., p.
-٩٦Interview with Miro Abdulkhaliq Yahya (Miro Kadir), Ruste village, 19-6-2
-٩٧Interview with Abubakr Rasul Ahmad Mira (Haji Walzi), Walze-Qasre,
-٩٨Interview with Khalid Hamad Hussein, Razhukarian village, Soran, 18-6-2
-٩٩Interview with Hama Braim Hamad (Hama Buraei), Qasre-Choman, 3-1-2
-١٠٠Interview with Qadir Rasul Hamad (Qader Sewak), Shawes-Erbil,
-١٠١Interview with Hamad Awla Hamad Mahmoud (Ahmad Shanga), Ranya, 26-8-2
-١٠٢Interview with Hamad Haji Haji (Hama Warti), Ranya, 30-9-2
-١٠٣Interview with Hamad Mina Hamad, Qasre-Choman,
-١٠٤Interview with Hussein Braim Mustafa (Mam Hedi), Ranya,
-١٠٥Interview with Khadr Hamad Amin Faqe Rasul, Qasre, 30-9-2
-١٠٦Interview with Hussein Braim Mustafa (Mam Hedi), Ranya,
-١٠٧Interview with Mustafa Murad Hamad, Chawarqurna, 24-8-2
-١٠٨Interview with Khadr Hamad Amin Faqe Rasul (Khdr Mina), Qasre-Choman,
-١٠٩Interview with Hama Rasul Awla (Hama Rasul Kawlani), Ranya,
-١١٠Interview with Ali Hussein Ahmad (Haji Ali Sarbare), Qasre, 30-9-2
-١١١Interview with Fatima Bayazid Abdulrahim, Choman, 2-1-2
-١١٢Interview with Hamad Haji Haji known as (Hama Warti), Ranya, 30-9-2
.١١٣Interview with Brymesen

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

-١١٤Interview with Khder Hamad Amin Faqe Rasul (Khder Mina), Qasre-Choman,
-١١٥Interview with Braim Nabi Mahmoud, Qasre-Choman, 5-7-2
-١١٦Interview with Khadr Hamad Amin Faqe Rasul (Khder Mina), Qasre-Choman,
-١١٧Interview with Abdullah Sulaiman Ahmad (Awla Seman), Ranya, 7-3-2
-١١٨Interview with Mustafa Ahmad Hamad (Mullah Mustafa Sakri), Ranya,
-١١٩Interview with Abdulrahman Goezlingayi, Goezlinga village, Smilan,
-١١٢٠Interview with Qadir Rasul Hamad (Qader Sewak), Erbil-Shawes,
-١٢١Interview with Zrar Rasul Ahmad, Pirzin-Erbil, 30-9-2
-١٢٢Interview with Mustafa Wasman Qadir (Mustafa Boli), Ranya,
-١٢٣Interview with Mustafa Ahmad Hamad (Mullah Mustafa Sakri), Ranya,
-١٢٤Interview with Kamal Hussein Taha (Kamali Haji Hussein Mamikhalan), Erbil,
-١٢٥Interview with Mamend Ibrahim Khadr (Mamend Mamikhali), Choman,